بۆ ئەوەی

# هەرچی هەتە و نیتە

بەمن بچێ

**دە ئەوجارەش...**

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**
***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

بۆ ئەوەی

# هەرچی هەتە و نیتە

بەمن بچێ

**دە ئەوجارەش...**

نیگار نادر

ڕۆژمێری ٢٠٠٦

ناوی کتێب: بۆ ئەوەی هەرچی هەتە و نیتە بەمن بچێ دە ئەوجارەش...
بیرەوەری: نیگار نادر
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٧٩٧
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٨٠٣ی
سالْی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

١١
**بەفرانبار**
٢٧٠٥

# 1

کانوونی دووەم
January
2006

Sunday
یەکشەممە

**ساڵی نوێ هەرتک چاوی پڕ لە کل**
**کردوون هەر وەژوور دەکەوێ و**
**سڵاوێکی ژنانەم لێ دەکا...**

١٢
**بەفرانبار**
٢٧٠٥

# 2

کانوونی دووەم
January
2006

Monday
دووشەممە

**لە ترسی ئەوەی نەبمە ژنێکی تایبەت و**
**کەس بەناو خۆیم کا، هەموو دەرکە و**
**پەنجەرەکان ئاوەڵا دەکەم و هەموو بازگەکان**
**دادەخەم...**

١٣
**بەفرانبار**
٢٧٠٥

# 3

کانوونی دووەم
January
2006

Tuesday — سێشەممە

**لەگەڵ ئەوەی مەیلی هیچ خواردنێک ناکەم ئەورۆ... قولابێکم بۆ ژیان ڕاهێشتووە و بەرامبەری چاوەڕێ دانیشتووم...**

١٤
**بەفرانبار**
٢٧٠٥

# 4

کانوونی دووەم
January
2006

Wednesday — چوارشەممە

**وەکو چەرخە ئەرخەوانییەکەم لە نێولەپی هەردوو دەستانمت دەگرم و بۆ پێکردنت ڕادەوەستم... کەچی "با" هەر ناهێڵێ پێت کەم.**

١٥
**بەفرانبار**
٢٧٠٥

# 5

کانوونی دووەم
January
2006

Thursday — پێنجشەممە

**دەڵێی مەرگیش دەستی دەستیم پێ دەکا...**
**هەر ڕۆژەک خۆ ئامادە دەکا بێ و پاشان**
**پەشیمان دەبێتەوە... دەزانم ئەویش لێم**
**پەشیمان بووەتەوە.**

١٦
**بەفرانبار**
٢٧٠٥

# 6

کانوونی دووەم
January
2006

Friaday — هەینی

**خەیاڵێکی ژنانە وەکو چارۆکە**
**بەسەر خۆمدا دەدەم و لە هەموو بەڵێنەکانم**
**هەڵدێم و خۆ حەشار دەدەم.**

١٧
**بەفرانبار**
٢٧٠٥

# 7

کانوونی دووەم
January
2006

Saturday شەممە

1 لە بۆ هەموو سەفەرێک پێویستیم بەڤیزا
2 هەیە تەنیا بۆ تۆ و عەشق نەبێ...
3
4
5
6
7
8

١٨
**بەفرانبار**
٢٧٠٥

# 8

کانوونی دووەم
January
2006

Sunday یەکشەممە

1 دیسان ژیانم لێ زڕاوە و هیچم بۆ
2 وەکو خۆ لێ نایەتەوە و تەواو
3 ماندووم.
4
5
6
7
8

١٩
**بەفرانبار**
٢٧٠٥

# 9

کانوونی دووەم
January
2006

Monday

دووشەممە

**پەنجەکانت لە پێش چاومن چۆن خۆ بە**
**پیتەکاندا دەدەن تا تێکستێکم بۆ**
**بنووسن.**

٢٠
**بەفرانبار**
٢٧٠٥

# 10

کانوونی دووەم
January
2006

Tuesday

سێشەممە

**وەکو ئاوێنە دێمە بەرت و یەخەی**
**کراسەکەم ڕاست دەکەمەوە، دووجار**
**پرچم هەڵدەدەمەوە جا دەچمە دەرێ**
**ئەورۆش.**

٢١
**بەفرانبار**
٢٧٠٥

# 11

کانوونی دووەم
January
2006

Wednesday
چواشەممە

ئەوەندە چاوت لە دوومە، هەر وەجوولێم
خۆ لە چەند جێیان دەکوتم و چەند شت خۆم
پێدا دەدەن، لە بۆیە هەمیشە بەدوو سێ
برینەوە دەگەڕێمەوە.

٢٢
**بەفرانبار**
٢٧٠٥

# 12

کانوونی دووەم
January
2006

Thursday
پێنجشەممە

وەکو ئەوەی تاو دەمە گوارە نارنجییەکانم
تاوت دەدەمێ لە گوێچکەت دەکەم و
بەسەر ژنایەتیدا باز دەدەم.

٢٣
**بەفرانبار**
٢٧٠٥

# 13

کانوونی دووەم
January
2006

Friaday — هەینی

1 ئەورۆ کراسێکی سینگ داچەقاوم
2 لە بەرە و پیاوێکی چاوباشقاڵم
3 لە زەیندایە.
4
5
6
7
8

٢٤
**بەفرانبار**
٢٧٠٥

# 14

کانوونی دووەم
January
2006

Saturday — شەممە

1 وەکو چاکی بەپەڕۆیان ڕەنگم
2 لێ دەلاژێتەوە چونکە هەر خۆشەویستەی
3 بەمرازێک هاتووەتە سەردانم و
4 زویلێکی پێوە هەڵواسیوم.
5
6
7
8

٢٥
**بەفرانبار**
٢٧٠٥

# 15

کانوونی دووەم
January
2006

Sunday

یەکشەممە

**پیتەکانی ناویشت حەزم لێ دەکەن**
**لە هەر جێیەکی ڕێککەوتیان بکەم سوور**
**هەڵدەگەڕێن و بیست ئاوڕم بۆ دەدەنەوە.**

٢٦
**بەفرانبار**
٢٧٠٥

# 16

کانوونی دووەم
January
2006

Monday

دووشەممە

**بۆنت لە بۆنی شامپۆیەکەم گەڕاوە لە بۆیە**
**هەر بەپرچمیدا دەکەم، لە ناو کەفەکەی**
**چەند گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگم بۆ دەکەی.**

٢٧
**بەفرانبار**
٢٧٠٥

# 17

کانوونی دووەم
January
2006

Tuesday سێشەممە

بەپەلە لە قاندرمەیەک دەچمە خوارێ کە
ساڵی نوێ خۆم پێ دادەدا و هەڵدەڕژێمە بن
پێی ڕێبوارەکان.

٢٨
**بەفرانبار**
٢٧٠٥

# 18

کانوونی دووەم
January
2006

Wednesday چوارشەممە

لە سەرنجێکی قووڵ ڕۆ چووم بەرامبەر
کۆمپیوتەرەکەم
کە دەنگی گەیشتنی ئیمەیلەکەت وەکو دەنگی
دڵۆپە ئاوێک ڕام دەشڵەقێنێ.

٢٩
**بەفرانبار**
٢٧٠٥

# 19

کانوونی دووەم
January
2006

Thursday — پێنجشەممە

**ملپێچە ژەنگییەکەت گەردەنتی لێ شاردوومەوە**
**بەحەسوودی من بەدووقەدی ئامێز لە**
**گەردەنت دەدا... هەموو ڕۆژێ...**

٣٠
**بەفرانبار**
٢٧٠٥

# 20

کانوونی دووەم
January
2006

Friaday — هەینی

**ئەو دەمەی نیشتیمانێکت خۆش دەوێ**
**پاشانیش پیاوێک لە ناو ئەو نیشتیمانەدا،**
**دەزانی دەبێتە چ کارەساتێک!**

١
رێبەندان
٢٧٠٥

# 21

کانوونی دووەم
January
2006

Saturday — شەممە

بەپشتدا وەرکەوتووم و تاو دەدەمە
چەند دەزوولەی ڕەنگاوڕەنگ و حەز
دەکەم بتچنم. چۆنم کەیف لێ بێت
وا.

٢
رێبەندان
٢٧٠٥

# 22

کانوونی دووەم
January
2006

Sunday — یەکشەممە

ئەوڕۆ سەر کۆشی تۆ و دەنگی پیانۆیەک
نەخشەم دەکێشن. نازانم چۆن.

٣
ڕێبەندان
٢٧٠٥

# 23

کانوونی دووەم
January
2006

Monday | دووشەممە

ئەورۆ فڕەفڕەی سوپ خواردنەکەی تۆ و جووڵە جووڵی ڕانەکانی من ڕەنگی دارگوێزی کورسی و مێزەکانی ئەو کافێ ئیتاڵییە وەڕەنگتر دەخەن.

٤
ڕێبەندان
٢٧٠٥

# 24

کانوونی دووەم
January
2006

Tuesday | سێشەممە

هەرکە دەسەسڕەکەت دەخەیە سەر لێوت، ئەژنۆی ڕاستم دادەم و هەر پێنج پیتەکانی ناوم بەهەوایدا دەڕوا.

| | | |
|---|---|---|
| ٥<br>**ڕێبەندان**<br>٢٧٠٥ | **25** | کانوونی دووەم<br>January<br>2006 |

Wednesday — چوارشەممە

1 ئەورۆ بەتەنیا گڵۆپی سەوز بۆ تۆ
2 پێ دەکەم، دەنا بۆ هەموو
3 ژیان گڵۆپی سوور.
4
5
6
7
8

| | | |
|---|---|---|
| ٦<br>**ڕێبەندان**<br>٢٧٠٥ | **26** | کانوونی دووەم<br>January<br>2006 |

Thursday — پێنجشەممە

1 هەموو کەس دەزانێ خۆشەویستی و جغارە
2 وەکو یەک کوشندەن و لێ کەم کەس
3 دەخوازێ تەرکیان کا و دەستبەرداریان
4 بێت.
5
6
7
8

٧
**ڕێبەندان**
٢٧٠٥

# 27

کانوونی دووەم
January
2006

Friaday | هەینی

هەی گیانە دەزانم وا لە ناو خۆتدا
شاردووتمەوە و حەشارت داوم ئەگەر
"محمد برادعی"ش ڕاسپێرن پێی نابینرێمەوە.

٨
**ڕێبەندان**
٢٧٠٥

# 28

کانوونی دووەم
January
2006

Saturday | شەممە

ئەوڕۆ کارتی زەرد لە بۆ هەموو
خۆشەویستان دەردێنم و دەکشێمەوە

٩
رێبەندان
٢٧٠٥

# 29

کانوونی دووەم
January
2006

Sunday
یەکشەممە

1 دیسان ئەو ژمارەیەی داوات کردووە
2 لە دەرەوەی بازنەیە دەزانی ئەورۆ
3 ئەوەی دەمەوێ لە دەرەوەی بازنەیە.
4
5
6
7
8

١٠
رێبەندان
٢٧٠٥

# 30

کانوونی دووەم
January
2006

Monday
دووشەممە

1 ئێستا کراسە گوڵ زەردەکەم بۆ کورت بووەتەوە و
2 هەتا سەر چۆکم دێت. ئەو
3 پیاوە چاوزەردەش تا خوار چۆکم.
4
5
6
7
8

١١
رێبەندان
٢٧٠٥

# 31

کانوونی دووەم
January
2006

Tuesday سێشەممە

1 ئەورۆ هێندە تەنکم هەموو شتێکم تێڕا
2 دیارە و باران حەز دەکا لە منڕا لە
3 ژیان بڕوانێ.
4
5
6
7
8

١٢
رێبەندان
٢٧٠٥

# 1

شوبات
February
2006

Wednesday چوارشەممە

1 هەر وەخەبەر دێم دەبینم هەموو شتێک
2 جووتە بۆ من نامەکانت ماچەکانت
3 چاو داگرتنەکانت.
4
5
6
7
8

١٣
**رێبەندان**
٢٧٠٥

# 2

شوبات
February
2006

Thursday پێنجشەممە

1 شەربەتێکی هەنار دەخۆمەوە و دەچم
2 خۆم بکێشم داخوا چەند کیلۆم و
3 چەند کیلۆم هی تۆیە و چەندیش هی خۆم.
4
5
6
7
8

١٤
**رێبەندان**
٢٧٠٥

# 3

شوبات
February
2006

Friaday هەینی

1 تەمەن تژییە لە چاوەڕوانی
2 لە هەر پێگەیەکی چاوەڕێی ڕووداوێک
3 دەکەین. لەپڕ بەو هەموو چاوەڕوانییانەوە
4 چاو لێک دەنێین و دەمرین.
5
6
7
8

١٥
**ڕێبەندان**
٢٧٠٥

# 4

شوبات
February
2006

Saturday — شەممە

چوو بەهیچت تووڕە نابم ها بەس ئەگەر
توند نەمگەزی.

١٦
**ڕێبەندان**
٢٧٠٥

# 5

شوبات
February
2006

Sunday — یەکشەممە

شەمەندەفەرەکە بەناو درەختەکان تیژ
تێ دەپەڕێ و پەنجەکانی منیش تیژ تێ دەپەڕن
بەسەر وشەکاندا تا تێکستێکی شیرینت
بۆ دەنووسم بەو بەیانییە.

١٧
رێبەندان
٢٧٠٥

# 6

شوبات
February
2006

Monday — دووشەممە

1 چاو لە هەورەکانەوە دەبڕم چۆن
2 دەڕەونەوە و لە چرکەیەک کەمتر
3 نابات وەڵامی تێکستەکەی تۆ
4 خۆم پێ دەدا و ڕام دەچڵەکێنێ... جا هەناسەیەکی
5 قووڵ هەڵدەمژم
6
7
8

١٨
رێبەندان
٢٧٠٥

# 7

شوبات
February
2006

Tuesday — سێشەممە

1 ئەورۆ لەپڕ پیاوێکم دیتەوە پڕ بەخۆم
2 بەودیو بەودیواندا لێم دەوەشایەوە لە بۆیە
3 لە خۆشیانی دونیام بەزاند
4
5
6
7
8

١٩
رێبەندان
٢٧٠٥

# 8

شوبات
February
2006

Wednesday
چوارشەممە

گیانە دەزانی دونیا تێ ماوە لە مابەینی
دڵی من و دڵی تۆ نازانێ
بەدڵی کامان کا!

٢٠
رێبەندان
٢٧٠٥

# 9

شوبات
February
2006

Thursday
پێنجشەممە

وێنەی نامەیەکی گچکەلۆکە لەسەر شاشەی
مۆبێلەکەم خەنیم دەکا بەهەلەتاو پەنجەم
دادەگرم دەکرێتەوە دەنووسرێ نامەت بۆ هاتووە.
لێ هەتا دووەم جار پەنجەم دانەگرم نازانم
لە کوێڕا و لە کێوە هاتووە.

٢١
رێبەندان
٢٧٠٥

# 10

شوبات
February
2006

Friaday — هەینی

بۆن و ڕەنگی شانەکەت ژنیەتیم
تێک باهەڵدەدا ئەوڕۆ... لە هەموو
ئەو پیاوانە ورد دەبمەوە ڕەنگی مووەکانی سەریان
بەڕەنگی مووی سەری تۆ دەچێ.

٢٢
رێبەندان
٢٧٠٥

# 11

شوبات
February
2006

Saturday — شەممە

ئیستێ پاڵت داوەتەوە و
تەلەفۆنەکەت لە نێو دەستی ڕاستت
گرتووە و لەسەرەخۆ دەمبێژییەی گیانێ،
دڵنیابە شەڕی مان و نەمانت لەسەر دەکەم،
ئیدی خەنی دەبم ئەوڕۆ و
وەگیر کەس ناکەوم لە دونیایێ.

٢٣
رێبەندان
٢٧٠٥

# 12

شوبات
February
2006

Sunday

یەکشەممە

هەر هەوەڵ جار کە چاوم پێت کەوت
زانیم تازە نە هیچ و نە کەس ساحێبەتیم ناکا
لە دونیایە.

٢٤
رێبەندان
٢٧٠٥

# 13

شوبات
February
2006

Monday

دووشەممە

ئەو دەمەی تێکستێکت دەگا لە هەر کوێیەک
بم ڕاست لەسەر عەردی دادەنیشم و ئەوجار
بەکەیف دەیخوێنمەوە. پاڵ وەشتێک دەدەم
ئەوجا وەڵامەکەت بۆ دەنووسمەوە.

٢٥
رێبەندان
٢٧٠٥

# 14

شوبات
February
2006

Tuesday
سێشەممە

ئەورۆ لە پاش ئەوەی تێر سەرنج لە
چاوەکانت دەدەم هەمووو ماچەکانم
بەلاش دەکەم.

٢٦
رێبەندان
٢٧٠٥

# 15

شوبات
February
2006

Wednesday
چوارشەممە

هەر مۆبێلەکەم دەکەمەوە مەسیجێکی دەنگی
لە سەرە و دەڵێی گیانێ بیرت دەکەم
بەقوربانی ئەو دوگمەیە بم مۆبیلەکەت پێ داخستوە
بەقوربانی ئەو دوگمەیەش بم پێی دەکەیەوە لەو
نێوانەشدا هەر ماچت دەکەم ئێ.

٢٧
رێبەندان
٢٧٠٥

# 16

شوبات
February
2006

Thursday

پێنجشەممە

1 لە هەر وێستگەیەک هەر یەکێک چاوەڕێیە
2 زەنگی خۆشەویستێکی بۆ بێت و سەفەرەکەی
3 پڕ بێت لە بزە و کەیف و چاوەڕوانیی و باوەشێک.
4
5
6
7
8

٢٨
رێبەندان
٢٧٠٥

# 17

شوبات
February
2006

Friaday

هەینی

1 چەند حەزم لێیە بێمە بن چاکەتەکەت و
2 ئیدی کەس زەفەرم پێ نەبا و
3 نەمبینێتەوە.
4
5
6
7
8

٢٩
رێبەندان
٢٧٠٥

# 18

شوبات
February
2006

Saturday | شەممە

لە شیعرێک هەڵنگوتم کە کەوتم دیم
شیعر نییە پیاوێکە بەسەریدا کەوتووم
پیاوێک دیوێکی شیعرە و دیوێکی
پیاو.

٣٠
رێبەندان
٢٧٠٥

# 19

شوبات
February
2006

Sunday | یەکشەممە

گەردانەیەکی پڵپڵەداری
زیوم لە گەردەن کردووە سەرەتاتکێ
لەگەڵ ژیان دەکەم و جێ پەنجەی
تۆش بەکەمەرمەوە دیارە.

١
**ڕەشەمە**
٢٧٠٥

# 20

شوبات
February
2006

Monday | دووشەممە

لە کوێڕا هاتی!
چۆن هەموو دونیات لە خۆتدا خڕ کردووەتەوە؟
چۆن لێم وەژوور کەوتی نازانم!
دەست بێنە بۆنی ناولەپەکانت کەم جارێکی دی.

٢
**ڕەشەمە**
٢٧٠٥

# 21

شوبات
February
2006

Tuesday | سێشەممە

بەبینینی دەنگت ڕاست هەرتک
پێم لەسەر زەوی بڵند دەبن و دەهەویدا
وەکی پەڕ هەڵدەسووڕێم.
ژنبوونم لێ دەفڕێ، وەکی پەپووڵان
باڵ لێک دەدەم.

٣
**ڕەشەمە**
٢٧٠٥

# 22

شوبات
February
2006

Wednesday — چوارشەممە

بەیانی زوو نامەم لە بۆ چیایەک نووسی و
هەستم کرد چەندین چیام تێدا دروست بوون و
بەسەر چیایاندا گەڕاوم.

٤
**ڕەشەمە**
٢٧٠٥

# 23

شوبات
February
2006

Thursday — پێنجشەممە

ئەورۆ چیایەکم ناسی دڵی
چەندە بەدڵم دەچوو
چیایەکم ناو نا و چیایەک
نەرم نەرم تێکەڵم بوو و،
دەنگی چیایەکم پێ وەربوو.

٥
**ڕەشەمە**
٢٧٠٥

# 24

شوبات
February
2006

Friaday

هەینی

بولبولێک لە پڕ سەری لە مۆبایلەکەم
دەرهێنا و دەنووکی لە ناو دڵم وەردا
چەندە ڕای چڵەکاندم
پاشان ناو چاویم ماچ کرد.

٦
**ڕەشەمە**
٢٧٠٥

# 25

شوبات
February
2006

Saturday

شەممە

دوێنێ خۆمم دی لە
درەختێکدا چەند کەسک بووم
ئێوارەکەی تۆش
لە هەورێکدا خۆت وێک نابوو
دەتویست داکەی لەبەر من دڵت نەدەهات
دەترسای تەڕم کەی.

٧
**ڕەشەمە**
٢٧٠٥

# 26

شوبات
February
2006

Sunday

یەکشەممە

وەکی بەفر لەسەر سەری هەندرێنێ
کەوتم و پڕووشەم کردەوە.
هەموو شتێکم وەپڕووشە پڕوش خست و
نەرم نەرم ئەوڕۆ پڕوشاندم.

٨
**ڕەشەمە**
٢٧٠٥

# 27

شوبات
February
2006

Monday

دووشەممە

سەبەتێکم بەدەستەوە گرت تا
کۆت کەمەوە.
لە کۆکردنەوەکان نابینەوە کە دەمرین
ڕژانی ژنێک گەلێک ساناترە لە
کۆکردنەوەی.
ئێوارێ دیسان دڵت ڕاگوشیم.



نیگار نادر (٣)

٩
**ڕەشەمە**
٢٧٠٥

# 28

شوبات
February
2006

Tuesday سێشەممە

چەندین هەنارت بۆ ناردووم لە هەریەکیان
ڕەنگێکم گرتووە لێ لە هەنارەکانی پیاوان
دەترسێم! دەترسێم ببن بەمین و پێمدا بتەقنەوە
پیاوان هەمیشە هەنار و مین تێکەڵ دەکەن و لێک
ناکەنەوە.

١٠
**ڕەشەمە**
٢٧٠٥

# 1

ئادار
March
2006

Wednesday چوارشەممە

هاتی لەسەر سەرمن هەڵنیشتی و
ڕات پەڕاندم هاتمەوە سەر سەرت هەڵنیشتم و
دامچڵەکاندی دەتویست بمگری دەمویست بتگرم
ماندوو بووین هەردووک ماندوو.

١١
**ڕەشەمە**
٢٧٠٥

# 2

ئادار
March
2006

Thursday

پێنجشەممە

بەیانی زوو گوێم لە جریوە جریوت بوو
دڵت نەدەهات وەخەبەرم بێنی دەترسی
خەوم لێ نەکەوێتەوە. کەم ڕۆژ هەن
دەتوانم مقەیان تێدا بکەم
ئەوڕۆ دەمتوانی قسان بکەم بیر بکەمەوە.

١٢
**ڕەشەمە**
٢٧٠٥

# 3

ئادار
March
2006

Friaday

هەینی

کانییەکم بۆ ناردی و بۆم نووسی
دەبێ زۆرت ئاگا لەو کانییە بێ.
نووسیبووتەوە لە دوێنێوە لە کانییەک دەخۆمەوە و
هەر تینوومە.
هەتا چیا و کانی مابن ئەتۆش هەر دەمێنی
یادەوەرییەکی سەیر لێم ئاڵاوە
نازانم دیسان چییە! بۆن هەنارم
گرتووە.

١٣
ڕەشەمە
٢٧٠٥

# 4

ئادار
March
2006

Saturday

شەممە

ڕۆژێک بوو بەتۆ دەچوو چاوم لەسەر لانەبرد و
حەزم نەدەکرد لێم ئاوا بێ هەنارت بۆ ناردم
دڵم نەهات بیخۆم دوای نیوەڕۆیە
هەناربارانت کردم حەزم دەکرد هێند گوێم
لە دەنگت بێ، هێند ڕۆژێکی سەیر بوو!

١٤
ڕەشەمە
٢٧٠٥

# 5

ئادار
March
2006

Sunday

یەکشەممە

کانییەکم وێگێڕای و لێت وردبوومەوە
لەسەرخۆ چاوەکانم لە کانییەکەترا دیاربوون
پەنجەم لێ دەدای و لە تۆدا پەرش دەبووم

١٥
**ڕەشەمە**
٢٧٠٥

# 6

ئادار
March
2006

Monday

دووشەممە

لە بەمن چوونت کەوتوومە گومانەوە
لە زەینمدا ناچیە دەرێ
ڕۆژێ چەند جار لێم دەپرسی و ڕام
دەچڵەکێنی منیش دەتبێژمێ چیای من.

١٦
**ڕەشەمە**
٢٧٠٥

# 7

ئادار
March
2006

Tuesday

سێشەممە

تەندروستیم باش نییە و هەست دەکەم
بەبێ ئەوەی بمەوێ
شتەکان تێ دەپەڕن هەموو ڕۆژێ
دەمەوێ ڕایان گرم ناتوانم.

١٧
**ڕەشەمە**
٢٧٠٥

# 8

ئادار
March
2006

Wednesday — چوارشەممە

**من هەستم دەکرد ڕۆژەکانی هەموو دونیا**
**هی منن بەر لەوەی هی سروشتیش بن**
**دوودڵ بووم چەند ڕۆژە لەو دوودڵییەیدا**
**دێم و دەچم نازانم چم لێ دەگوزەرێ!**

١٨
**ڕەشەمە**
٢٧٠٥

# 9

ئادار
March
2006

Thursday — پێنجشەممە

**نامەکەتم کردەوە نووسیبوویت**
**سپێدە بۆنی نێرگزەکانی لێ دێ و گمەی**
**کۆترەکان لە گەردنمەوە دڵی من شین دەکا و**
**تامت لە ناو زمانمە و زمانم دەورووژێنێ**
**گیانە نەرمەکەم**
**لە کەسکیت ڕامام و بێدەنگ بووم.**

١٩
**ڕەشەمە**
٢٧٠٥

# 10

ئادار
March
2006

Friaday

هەینی

هەوا هەوری بوو پێم بێژتی سەر بەناوەڕاستی
پشتت دەکەم و شین شینت دەکەم
هەڵنەستی ها ئەو شەو وەخەبەرم بێنی
هەمووی من.
ئاوەڵابوونی ڕۆح چ سەیرە!

٢٠
**ڕەشەمە**
٢٧٠٥

# 11

ئادار
March
2006

Saturday

شەممە

پاش سەعات دوازدەی شەوی نووسیبووت
کۆتر لانەکەت لە کۆشی لووتکەی منە
دەزانم ناتوانی لە دەست ڕاوچییان
بەدڵی خۆت چیایەک بکەیتە
ئاسمانی خۆت.
سەر لەسەر باڵی چەپم دانێ و نەرم بنوو.

٢١
**ڕەشەمە**
٢٧٠٥

# 12

ئادار
March
2006

Sunday — یەکشەممە

**شەو دەستی لەسەر چاوەکانم وەلا نەدەنا**
**بەهەزاران کۆتر و چۆلەکە**
**لە دڵم دەنیشتن.**
**بۆنت لە درەختەکانی سەر ڕێگەم**
**دەهات هەموو ڕۆژێ.**

٢٢
**ڕەشەمە**
٢٧٠٥

# 13

ئادار
March
2006

Monday — دووشەممە

**ئێوارە گەمەی بەچاوەکانم دەکرد کە نووسیبووت**
**هێشتا لە ناو میترۆم و لە کۆشی یادم**
**دەگمێنێ و پاش دوو سەعاتی تر دەگەمەوە**
**ماڵێ و قسان دەکەین و دێمە باوەشت ئێ**
**هەموو شتەک خێرا**
**دەگوزەرێ.**

٢٣
**ڕەشەمە**
٢٧٠٥

# 14

ئادار
March
2006

Tuesday سێشەممە

دەمپرسی ئەتۆ کێی بۆ هێندە چاوت
بەچاوم دەچێ هەموو ئەوانەی دەبینم
دەیبینی نوێت دەکەمەوە باوەشت چ
نەورۆزێکی خۆشە تۆ تامی منت کرد
ئەگەر گەیشتییەوە لەگەڵم بپەیڤە بیرت
دەکەم.

٢٤
**ڕەشەمە**
٢٧٠٥

# 15

ئادار
March
2006

Wednesday چوارشەممە

هەوا زۆر خۆش بوو نووسیبووت
تیشکی ڕۆژ وەک نەرمیی پەنجەکانت و گەرمیی
نێرگزی چاوت بەسەر ڕوومەتمدا
دەڕژێی ئەی کۆتر.
حەز دەکەم ئێستا لە کۆشم بای و شەمەندەفەرەکە
سەفەرەکەی بێ کۆتایی با
کۆترەکەم چیایەک بیرت دەکا.

٢٥
**ڕەشەمە**
٢٧٠٥

# 16

ئادار
March
2006

Thursday پێنجشەممە

رۆژێ لە خۆشیانت سەد تەقڵەم لێ دەدا
و نەدەنیشتمەوە
نازانم چۆن فێرە فڕینت کردمەوە.
لە بڵندابیی ئاسمانێڕا سەرەوژێر ڕاست
خۆمم بەناو سنگیدا دەکرد و کپ دەبووم.

٢٦
**ڕەشەمە**
٢٧٠٥

# 17

ئادار
March
2006

Friaday هەینی

نیوەشەوێ درەنگ نووسیبووت
گمەی نەرمت ڕوحم پڕ دەکا لە
کۆترەکانت و لە ناو کوڵانەی
لووتکەکانی من نووستووی گیانە
نەرم ئەمشەویش بنوو...
سبەی ئێوارێ دونیایەک باوەشی من و
گەزە لە باڵت دەدەم ئێ.

٢٧
**ڕەشەمە**
٢٧٠٥

# 18

ئادار
March
2006

Saturday

شەممە

سـەر لـە مۆبایلـەکەت دەردەنێم و دەنووکـ
لـە ڕۆحـت دەدەم ئەوا چـت لـە مـن
کردووە ئەمـشـۆ وا ئەورۆ
هـەمـوو دونیام لـێ دەبارێ
هـەی سـەگباب.

٢٨
**ڕەشەمە**
٢٧٠٥

# 19

ئادار
March
2006

Sunday

یەکشەممە

لـە پاش دەنگـت خوێـنم سـەیر
هـەڵدەسـوڕێ و گـەرم دەبێ.
هـەر دەپرسـم دەبێ چ بێ نازانم!
لـە ڕوومـدا خوێن سـەیر هـاتوچۆ دەکا
بۆ ئێواریێ نووسـیبووت ئێواریێ بۆنی باڵـە
نێـرگزییـەکان و گـەرمـەکانی کۆترەکەمـی
لـە هـەناسـەم ئاڵاندووە، چیایـەکـ بۆنی نەورۆزێ
لـە گـەردەنـت هـەڵدەمـژێ.

٢٩
**ڕەشەمە**
٢٧٠٥

# 20

ئادار
March
2006

Monday — دووشەممە

لە پاش ئەو وشکە داگەڕانەی تاراوگە هەوەڵ
جارە هەست بەو فڕینە بکەمەوە
لەگەڵ گەرمیی دەنگت پێیەکانم لەسەر
ئەرزی بڵند دەبن و بەنێو هەوادا چەند
خۆش دەفڕم ڕۆژێ.

١
**ئاخەلێوە**
٢٧٠٦

# 21

ئادار
March
2006

Tuesday — سێشەممە

نەورۆز گەرمتر سۆرتر لە جاران
لەسەرم داگیرسایەوە، هەستم بەگڕەکەی
بەجوانییەکەی بەتامەکەی پتر کرد
چاوم پڕ بوون لە جوانی لەگەڵ
جوانیی نەورۆزی ئەمساڵ.

٢
**ئاخەڵێوە**
٢٧٠٦

# 22

ئادار
March
2006

Wednesday چوارشەممە

نامەکەت خۆی پێ دادام و نووسیبووت
ئەورۆ سروشت بەڕۆیشتنی نەورۆزی
خەمگین دەڕوانێ کۆترێک هێشتا لە
سەر پشتم دەگمێنێ و لە خەوێ هەڵنەستاوە.

٣
**ئاخەڵێوە**
٢٧٠٦

# 23

ئادار
March
2006

Thursday پێنجشەممە

لەگەڵ ڕۆژ هەڵدێ دێمە سەر
دەستەکانت. چەند ئاگات لە ڕۆحمە
چەندە بەئاسپایی بۆنی گەردەنم دەکەی
و دەست بەپشتم دادێنی.
هەموو شتەکانم.

٤
**ئاخەلێوە**
٢٧٠٦

# 24

ئادار
March
2006

Friaday | هەینی

بەدەنگت لە شەقەی باڵەکانم دەدەم و
سەر هەڵدێنم و لە ئاسماندا بزر دەبم
زۆر شت هەن بەمن دەچن حەز دەکەم
ناوی چیایەک لە ناو دڵمدا بەدەنگ بێ.

٥
**ئاخەلێوە**
٢٧٠٦

# 25

ئادار
March
2006

Saturday | شەممە

ئەورۆ چەند جار قوتم دای
ئەی لە تامت لە خۆشیانت پێیەکانم نەدەکەوتنە
سەر عەردی... ڕۆژێ چەند جار
دەتگۆڕم بەدڵی خۆم دەتکەمە درەخت و
پاڵت وێ دەدەم دەتکەمە چۆلەکە و پەنجەم لە بەر
چەناگەت
دەدەم.

٦
ئاخەلێوە
٢٧٠٦

# 26

ئادار
March
2006

Sunday — یەکشەممە

هێلانەکەم دێمە بن بلوزەکەت و سەر لە
سینگت وەردەدەم و بۆنی سینگت دەکەم
و خۆم بەگەردنتەوە هەڵدەواسم.
لەگەڵ تەڕیی ئەو ئێوارەیەی، ئێ،

٧
ئاخەلێوە
٢٧٠٦

# 27

ئادار
March
2006

Monday — دووشەممە

ئەو شەو وەکی هەنار ڕاتگوشیوم
ئەورۆ هەر هەناراوم لەبەر دەڕوا
دە بەهەناراوی من ژیان بگوزەرێنە
گیانە ئەورۆش

٨
**ئاخەلێوە**
٢٧٠٦

# 28

ئادار
March
2006

Tuesday — سێشەممە

بەیانیان لە بری کڵاوەکەم لە سەری خۆمت
دەکەم پاش تاوێک دڵۆپەی بارانێت لە
سەر دەکەون و جوانتر دەبی. لە سەرم داتدەگرم
و بەسینگی خۆمتەوە دەگوشم.

٩
**ئاخەلێوە**
٢٧٠٦

# 29

ئادار
March
2006

Wednesday — چوارشەممە

بۆت دەمرم هێلانەکەم
لەسەر سینگت هێندە گەرم دادێم
ئاوم لێ دەتکێ حەز ناکەم چی دی
بفڕمەوە هەوەڵ جارە حەز لە فڕین
نەکەم.
وەڵامی تۆ ئێوارە بۆنی کۆترە نامەکەمی لێ دێ لە
دەرێمە حەزم کرد بتگەزم وەڵامت نەبوو
مەترسە گیانە توند ناتگەزم.

١٠
**ئاخەلێوە**
٢٧٠٦

# 30

ئادار
March
2006

Thursday پێنجشەممە

**نامەیەکت هاوێشتە سەر سینگم تازە ڕۆژ**
**هەڵاتبوو نووسیبووت کۆتر گەردەنت**
**دەمژم و هەنارت بۆ دێنم تا**
**زوو چابیتەوە.**

١١
**ئاخەلێوە**
٢٧٠٦

# 31

ئادار
March
2006

Friaday هەینی

**پاش نیوەڕۆیەکی زوو لێم پرسی**
**ئێستا چ لە دڵتدایە پێم بڵێ خێرا**
**چەند خۆشت دەوێم و تا کوێت هاتووم؟**
**لە ئێوارێڕا دیار بووی لێم**
**دەڕوانی.**

١٢
**ئاخەلێوە**
٢٧٠٦

# 1

نیسان
April
2006

Saturday — شەممە

ئەورۆ نووسیبووت گمەی نەرمت ڕۆحم پڕ
پڕ دەکا لە کۆترەکانت
ئێستا لە ناو کولانەی لووتکەکانی من نووستووی
کۆتر هەموو چیا و کوردستانم وەبیر
دەهێنێتەوە.

١٣
**ئاخەلێوە**
٢٧٠٦

# 2

نیسان
April
2006

Sunday — یەکشەممە

ئەورۆ سەر بەناوەڕاستی پشتت دەکەم
شین شینت دەکەم هەڵنەستی وەخەبەرم بێنی
هەمووی من
سەر سینگت چەند خۆش بوو ئەو شەو.
دیسان پەنجەکانت ماچ دەکەم
چەند ماندووم کردوون شەوی دێ.

١٤
**ئاخەلێوە**
٢٧٠٦

# 3

نیسان
April
2006

Monday — دووشەممە

ئێوارەکەی بۆم نووسی
کووی گیانە من هێشتا باشترم
حەز دەکەم بێمە سەر سینگت تا چاک
ببمەوە هێلانەی من.

١٥
**ئاخەلێوە**
٢٧٠٦

# 4

نیسان
April
2006

Tuesday — سێشەممە

نیوەرۆیەکی درەنگ دیسان
لە سینگی تۆ واوەتر ناچمە ناو هیچ
هێلانەیەکی دی هێلانەکەم حەز دەکەم
باش باش بیت.

نیسان
April
2006

# 5

١٦
**ئاخەلێوە**
٢٧٠٦

چوارشەممە — Wednesday

هەموو ڕۆژێ وەسەر چاوەکانت دەگەڕێم
و وەکی باخی هەناران بەلاژەلاژ
دەکەوم نازانم لە کوێی خۆمدا تێر
تێت هەڵڕوانم؟ بەپێکەنینە کتوپڕەکەت
هەموو شتم لە بیر دەبەیەوە.

نیسان
April
2006

# 6

١٧
**ئاخەلێوە**
٢٧٠٦

پێنجشەممە — Thursday

پاش عەسرێکی درەنگ نووسیبووت
گیانە لە دەرێمە دەرێ زۆر ساردە دێمە
ناو کۆشە گەرمەکەت و لەگەڵ خۆمی
لێرە ئێ بەر لەوەی ڕەدوو
بکەوی ماچێکم هەر لێت دەوێ ئێ.

١٨
**ئاخەلێوە**
٢٧٠٦

# 7

نیسان
April
2006

Friaday

هەینی

**دەمەو هێوارێ بوو کوڕێکم بوو**
**بەناو تۆم کردەوە**
**لە خۆشی ئەوەی هێندە بەتۆ دەچوو**
**دونیام لە بیر چووبووەوە.**
**پێم بڵێ ڕووحم لە کوێدایە دەی؟**

١٩
**ئاخەلێوە**
٢٧٠٦

# 8

نیسان
April
2006

Saturday

شەممە

**حەز دەکەم وەکی کۆتر ماچت بکەم**
**لەسەر شانت هەڵنیشم و تەماشای**
**دونیاکەم ڕوومەتەکانم بە**
**گەردەنتەوە بنووسێنم ئێ ئەدی ئەتۆ**
**لە خۆترا تێم دەڕوانێ**

٢٠
**ئاخەلێوە**
٢٧٠٦

# 9

نیسان
April
2006

Sunday یەکشەممە

پیاوێک پڕ پڕە لە ژن لێ چاوەکانی
هەموو چرکەیەک هەر لە دووی منن.
دەبێ تا ئێستا لە دونیایەدا خۆشەویستی
ئەوها هەبێ و مابێ چووزانم.

٢١
**ئاخەلێوە**
٢٧٠٦

# 10

نیسان
April
2006

Monday دووشەممە

لە ئێوارێ لۆم نووسی
لە هەر کوێیەکی دێم ماچێکی گەرمت
دەکەم ئاگات لە خۆ بێ
لە وەڵامدا نووسیبووت لە بۆم بۆیە
لێوم تامی تۆیان لێ دێ کۆتر.

٢٢
**ئاخەلێوە**
٢٧٠٦

# 11

نیسان
April
2006

Tuesday سێشەممە

دڵهەنارترین پیاوم دیتەوە، بۆنی
هەنارەکەی دڵی چ خۆشە، پاش سەعات دەی
شەوێ لە بۆم نووسی
ناوی دڵت ماچ دەکەم و دێم سەر
بەدڵت دەکەم تا ئارام بم.

٢٣
**ئاخەلێوە**
٢٧٠٦

# 12

نیسان
April
2006

Wednesday چوارشەممە

هێلانەی چیایەکان چەند جوانی
مردن بەتۆش دەوێرێ؟ ناهێڵم.
ئەڤ کتێبەم لەسەر کۆشی تۆ نووسییەوە
پێش ئەوەی بڕۆی، دەبا
قومێک لە جغارەکەت بدەم.
ئەوجار گەردەنم ماچ کەوە.

٢٤
**ئاخەلێوە**
٢٧٠٦

# 13

نیسان
April
2006

Thursday

پێنجشەممە

مندالێکی گچکەلەت لە ڕۆحمدا زیندوو کردووەتەوە
ڕۆژێ هەر دەگەڵی دەئاخڤم
لێ زۆر دەترسێم ڕەدووی هەتاوێ
بکەوی و نەیەوە... پیاوە هەتاوییەکە
بەر تیشکەکانت چەند خۆشە.

٢٥
**ئاخەلێوە**
٢٧٠٦

# 14

نیسان
April
2006

Friaday

هەینی

هێند بۆنت دەکەم و تا تێر دەبم
سەر لە سینگت وەردەدەم و ئەتۆش
وەرە سەر سینگم.
وەکی گوارە کەسکەکەم لە گوێچکەت
دەکەم دەچمە بەر بارانێ ئەوڕۆش.

٢٦
**ئاخەلێوە**
٢٧٠٦

# 15

نیسان
April
2006

شەممە

وەکی هەنارێک لە درزی سەر سینگمدا
دەتشارمەوە و
تا سینگم بۆن هەناری تۆی تێ دەگەڕێ.

٢٧
**ئاخەلێوە**
٢٧٠٦

# 16

نیسان
April
2006

Saturday

یەکشەممە

پاش سەد ساڵی دی دەبێ
گۆڕی هەریەکەمان لە کوێی دنیا
خۆڵی لەسەر نیشتبێ گیانە؟
دەی ئامێزت ئاوەڵا کە با
دووبارە مردن لە بیر بکەم.

٢٨
**ئاخەلێوە**
٢٧٠٦

# 17

نیسان
April
2006

Sunday

دووشەممە

کوڕە نەکەی دڵم بشکێنی نامەی پاش
عەسرێت هات نووسیبووت
وەکی کۆترێک لە کۆشمدا گمە بکە و پڕم بکە
لە بۆنی کیژانەت ئێ ئەوجار دێمە
سەر سینگت تا دەتوێمەوە و دێمە ناوتەوە
ئێ گیانە.

٢٩
**ئاخەلێوە**
٢٧٠٦

# 18

نیسان
April
2006

Monday

سێشەممە

جمکێ خۆم لە باوەشمدا ئەوڕۆ
ڕاتدەژێنم و سەر بەسینگم بکە هێندم نەماوە
لە لات، کۆتری وەکی من نابینییەوە ها سەگباب.
لە نامەی بەر لە تاو کەوتنیدا نووسیبووت
گیانە ئەتۆ هەر کۆتری خۆمی لە هەر
کوێ بیت نازانم کو ئاشتت کەمەوە
کە لێم دڵگران دەبی ناهێڵم بفڕی ها.

٣٠
**ئاخەلێوە**
٢٧٠٦

# 19

نیسان
April
2006

Tuesday — چوارشەممە

چەند دڵیشم بشکێنی هەر دێم وەکی
کۆتر ماچت دەکەم.
دەستم لە ئەستۆی درەختێک کرد و
تا ئێوارێ چاوم لەسەریەک ڕۆنان...

٣١
**ئاخەلێوە**
٢٧٠٦

# 20

نیسان
April
2006

Wednesday — پێنجشەممە

چاوەکانی پیاوێکم لەگەڵ خۆ
هەڵگرتوون ڕۆژێ چەند جار تێیان دەڕوانم
و بۆنیان دەکەم پاشان خێرا
لە گیرفانیان دەهاومەوە.

١
**گوڵان**
٢٧٠٦

# 21

نیسان
April
2006

Thursday
هەینی

**هەموو بەیانیان لە خەوێ ڕادەبم و نامە لە بۆ**
**پیاوێک دەنووسم پیاوێکیش بەر لەوەی**
**بچتە سەر جێگاکەی و چاوی بچنە خەوێ**
**نامەیەکم بۆ دەنێرێ.**

٢
**گوڵان**
٢٧٠٦

# 22

نیسان
April
2006

Friaday
شەممە

**گوێت لێ مە دەستتم وێ دە و**
**تەماشام کە.**
**لە خۆشەویستی واوەتر چ هەیە؟**
**چاوت بەبینینی ئەوە چەند جوان دەبن**
**دێمە ناو ئێخەی کراسەکەتەوە.**

٣
**گوڵان**
٢٧٠٦

# 23

نیسان
April
2006

Saturday — یەکشەممە

چاوت نەبزێوی ئێستا لە ناو چاوتدام
ئەورۆ ناو چاوەکانتم زۆر پێ خۆش بوو
پیاوە کەسکەکە لەگەڵ تۆمە.

٤
**گوڵان**
٢٧٠٦

# 24

نیسان
April
2006

Monday — دووشەممە

دەگەڵ "با" ڕام ژێنن. ئەورۆ
دەنگت لەگەڵ بۆنی گوڵ و بۆنی درەختەکان
تێکەڵ بوو بیرکردنەوە لە تۆ
وەکی بۆنی هەنگوین خۆشە.

٥
گوڵان
٢٧٠٦

# 25

نیسان
April
2006

Tuesday — سێشەممە

**هەی بەهاوار بانگت دەکەم، بەدەوری**
**خۆمدا هەڵت دەسوڕێنم دەترسێم لێم بکەوی**
**و بزرت کەمەوە.**
**بانگت دەکەمەوە بەهاوار هاوار.**

٦
گوڵان
٢٧٠٦

# 26

نیسان
April
2006

Wednesday — چوارشەممە

**هەتاو لەگەڵت پێشبڕکێیەتی و دەیەوێ**
**لە تۆ پتر بێتە ناومەوە و گەرمترم داهێنی**
**بڵێ گیانێ ناوم بڵێ و بانگم کە**
**پێڕا ناگەم ئەڤ هەموو شتانەت بۆ بگێڕمەوە.**

| | | |
|---|---|---|
| ٧<br>**گوڵان**<br>٢٧٠٦ | **27** | نیسان<br>April<br>2006 |

Thursday — پێنجشەممە

لە سەعات ٧ەوە لە ناوت مەلەوانی دەکەم
و فێنکم هاتووەتەوە.
بۆنی پەنجەکانت لە گەڵا نوێیەکانی
درەختەکان دێ دە لەگەڵم بۆنیان کە.

| | | |
|---|---|---|
| ٨<br>**گوڵان**<br>٢٧٠٦ | **28** | نیسان<br>April<br>2006 |

Friaday — هەینی

بۆ تۆ سەگباب بۆ تۆ
کە نرکەکانت لە نرکەکانم هەڵدەڕژێن و
سەبووریت بەسەبووریی ژیان دەچێ و
لە خەتی لێواری لێومدا خۆت شاردووەتەوە.

٩
**گوڵان**
٢٧٠٦

# 29

نیسان
April
2006

Saturday | شەممە

من هەندێک ڕۆژان لە خۆم دەچمە دەرێ و
لە دووررا لە خۆم دەڕوانم
دەبینم چەند چۆڵەوانیم
دووبارە سەر بۆ هەورەکان هەڵدێنم.

١٠
**گوڵان**
٢٧٠٦

# 30

نیسان
April
2006

Sunday | یەکشەممە

دەستەکانی بارانێ توند توند دەگوشم
و باوەشی بۆ ئاوەڵا دەکەمەوە لەسەررا
لێی دەپرسمەوە ئەمن کێم؟ ناوم
دەزانی؟
باران وەکی تۆ خۆشە ئێواران

١١
**گوڵان**
٢٧٠٦

# 1

ئایار
May
2006

Monday دووشەممە

دێیە ناو گوڵە هەنارییەکانی سەر جێگایەکەم و
بۆنت لە بالیفەکەم هەڵدەستێ سبەینان
هەر دێمەوە لێرە لێت دەگەڕێم لە ژوورەکەم
لەپڕ لە ناو کاتژمێرە قاوەییەکەی دەردەپەڕی و دەڕۆی.

١٢
**گوڵان**
٢٧٠٦

# 2

ئایار
May
2006

Tuesday سێشەممە

ئەرێ ژیان یانی چی؟ لە بۆ
برۆیەکانت تێک ناون؟ وەڵامەکەم لە ناو
هەردوو لێوی تۆ دەوێ ئەوڕۆ لێ گەڕێ
وەڵامم مەدەوە یەک پەنجەتم وێ دە.

١٣
**گوڵان**
٢٧٠٦

# 3

ئایار
May
2006

Wednesday
چوارشەممە

پێش ئەوەی خۆر هەڵبێ دێم سەر لە سینگت وەردەدەم
و وەخەبەرت دەهێنم.
نایەڵم بنووی. دە مەنوو
دڵم دەگوشرێ، دەنوویەوە دەزانم
بەبێدەنگی لە بن بالیفەکەم دیسان دەگریەم.

١٤
**گوڵان**
٢٧٠٦

# 4

ئایار
May
2006

Thursday
پێنجشەممە

کراسێکم لە ڕەنگی زەردەپەڕێ لەبەر کردووە
زمانم دەردەهێنم و لەبەر ئاوێنە لێی
دەڕوانم
دەبینم پیاوێک هاتووەتە ناو زمانمەوە
بەتۆ دەچێ ئەتۆی دەزانم سەگباب.

١٥
گوڵان
٢٧٠٦

5

ئایار
May
2006

Friaday

هەینی

1 ڕەنگت بەڕەنگی زمانم دەچێ.
2 پێش ئاوابوونی ڕۆژ وەکی گۆی زەوی
3 لە کۆشمدا دەمخولاندیەوە و
4 سەراوبنم دەکردی و تەماشای
5 هەموو لایەکانم دەکردی.
6
7
8

١٦
گوڵان
٢٧٠٦

6

ئایار
May
2006

Saturday

شەممە

1 لەبری پەنجەکانت پەنجە لەو
2 گەڵایانە دەخشێنم کە هەوەڵ ڕۆژە
3 پوشکوتوون و وەکی تۆ سەوزن.
4 لە ژنایەتیمدا ڕواوی لەبری عەرەقە
5 لە بن پێستم دێیە دەرێ هەموو ڕۆژێ.
6
7
8

١٧
**گوڵان**
٢٧٠٦

# 7

ئایار
May
2006

Sunday
یەکشەممە

لە ناو دڵۆپە ئاوەکانی سەر دەستترا تێت دەڕوانم.
بۆ نیگەرانی لە چی؟ جغارەکەت تەواو
بکێشە، قەڵەمەکەت فڕێ مەدە و خێرا
مەگەڕێوە ناو ئەو پەرداخە ئاوەی تەنیشتی سەرم،
ئێ.

١٨
**گوڵان**
٢٧٠٦

# 8

ئایار
May
2006

Monday
دووشەممە

پەنجەت لە مۆبێلەکەم دەردێنێ و
سینگم ختووکە دەدەی پێ دەکەنم ڕوومەتەکانم
بەرز دەبنەوە دەمم وێک ناکەوێتەوە
چاویشم لە خۆشیانت دەتریقێنەوە و ئاویان
تێ دەزێ.

١٩
گوڵان
٢٧٠٦

# 9

ئایار
May
2006

Tuesday سێشەممە

با چاوێکی لەسەر منە و چاوێکی لەسەر لەندەن
دەڵێی پتر کەیفی بەمن دێ.
چونکە ڕۆژێ چەند جار لە پشتەوەڕا باوەشم
تێ وەردێنی و لە خۆیمدا بزر دەکا
نازانم ئەتۆ دەبینێری یا یەکی دی؟

٢٠
گوڵان
٢٧٠٦

# 10

ئایار
May
2006

Wednesday چوارشەممە

ئاوڕ دەدەمەوە لە تەمەن لە جوانی
لە تۆ لە خۆم
تەمەن تیژتر لە باڵندە تێ دەپەڕێ
زۆر جاران وێڕا ناگەی ئاوڕێکیش بدەیتەوە
وەها نییە گیانێ؟ بڵندتر بدوێ

٢١
گوڵان
٢٧٠٦

# 11

ئایار
May
2006

Thursday

پێنجشەممە

یەک هەناسەم دەیە قووڵ دەی
پیاوێک دەنووسمەوە بەو پێنووسە نەرمە
ئەڤ پیاوە پڕ لە وشەیە پێنووسەکەم پێی
ڕاناگات و دەرەقەتی پڕی نایە.

٢٢
گوڵان
٢٧٠٦

# 12

ئایار
May
2006

Friaday

هەینی

درەختێکم بەناوت کردووە هەموو ڕۆژێ
بۆنی گەڵایە نوێیەکانی شاگەشکەم دەکا و
لە خۆشییان نازانم لە کوێی هەڵڕوانم
لەگەڵ بۆنە شینە کاڵەکەم بەبناگوێی
خۆمتدا دەپرژێنم و هەڵت دەمژم

٢٣
**گوڵان**
٢٧٠٦

# 13

ئایار
May
2006

Saturday — شەممە

توند دەستت لە دەستم بئاڵێنە و وەکی
مزراح بەدەوری خۆتدا
وەمسوورێنە و
نەرماییی گوێچکەم ڕامووسە بەهەموو
تینی خۆت.

٢٤
**گوڵان**
٢٧٠٦

# 14

ئایار
May
2006

Sunday — یەکشەممە

لە خەوێدا بووم کە تەکستێک بۆ
مۆبیلەکەم هات نازانم نە مانگ
نووسیبووی نە ئەتۆ! لێکم نەدەکردنەوە
بەپەلە خوێندمەوە و چاوم چوونەوە
ناو خەوێ.

٢٥
**گوڵان**
٢٧٠٦

# 15

ئایار
May
2006

Monday

دووشەممە

چۆن دەبێ چاوەکانی من بمرن، نا
لە نامەی ئێوارێت نووسیبووت
ئێوارەی ئەورۆ لە نەرمیی تۆ دەچێ و هەموو شتەکی
تەڕ کردووە.

٢٦
**گوڵان**
٢٧٠٦

# 16

ئایار
May
2006

Tuesday

سێشەممە

دووبارە ئێوارێ
نەرمێ لە ناو داستانم
گیا و درەختەکان وەکی تۆ بەکراسە سەوزەکەتەوە
تەڕن و
باڵندەکان وەکی تۆ لە سەرم دەجریوێنن.

٢٧
**گوڵان**
٢٧٠٦

# 17

ئایار
May
2006

Wednesday | چوارشەممە

ئەورۆ بۆت نووسیوم ئێرە هەموو ئاوە بەڵام وەکی تۆ
گەرم نییە.
گەردەنت دەلێسمەوە هەی نەرم و تەڕتر
لە کانی، بارانی تەڕی کردوومەوە
بۆنی کراسە سەوزەکەی تۆم لێ دێ.

٢٨
**گوڵان**
٢٧٠٦

# 18

ئایار
May
2006

Thursday | پێنجشەممە

لە نیوەڕۆی لەندەن وەڕەس بووم
بۆم نووسیت زاوای خۆم ئێستا هاتمەوە
ماڵی، لە پشتەوەڕا دەتگوشم و بۆنت
دەکەم ئێ.

٢٩
**گوڵان**
٢٧٠٦

# 19

ئایار
May
2006

Friaday

هەینی

چیای خۆم برژانگەکانی چاوت ماچ
دەکەم ئەورۆ ڕەدووی با کەوتووم و
نایەمەوە، با ڕاتموسم دەی.

٣٠
**گوڵان**
٢٧٠٦

# 20

ئایار
May
2006

Saturday

شەممە

لەگەڵ هەتاوێ خۆت تێ هەڵدەسوین و
دێینە سەر پشت و وەردەکەوین ئێ
وابزانم دونیا هی منە بەر لەوەی ئەتۆ
هی من بی ئەورۆ دە بەقاقا پێ بکەنە
جارێکی دی کەیفم لێیە.

٣١
**گوڵان**
٢٧٠٦

# 21

ئایار
May
2006

Sunday | یەکشەممە

**پیاوێکم هێناوەتە سەر کۆشم و**
**دەمەوێ بیخوێنمەوە و پەڕ پەڕەی**
**هەڵدەدەمەوە**
**ئەورۆ گەیشتوومەتە چل و یەکەمین لاپەڕەی.**

١
**جۆزەردان**
٢٧٠٦

# 22

ئایار
May
2006

Monday | دووشەممە

**پیاو نییە چیایە**
**پەڕەکانی هەڵدەدەمەوە**
**دەمەوێ بەئەلفوبێ پەڕەکانی**
**ڕێک خەمەوە ژمارە لەسەر لاپەڕەکانی**
**بنووسم بەکەیفی خۆم.**

٢
جۆزەردان
٢٧٠٦

# 23

ئایار
May
2006

Tuesday — سێشەممە

وەرە سـەر پشـتم پرچەکانم بکە کەزی و
بەکۆڵی خۆتم دادە دەزانیٚ بۆ کوێندەریٚ؟
ئەمنیش نازانم
بۆنی چاوەکانم بکە دەی چی دی بیر مـەکەوە.

٣
جۆزەردان
٢٧٠٦

# 24

ئایار
May
2006

Wednesday — چوارشەممە

لـە چۆڕاوکەی بارانانیشـدا
وەدەر نەکەوتم چاوم لـەو تۆپەڵە گوڵـە
هـەڵوەریوانەی پاش بارانیٚ دەکرد هـەر
خۆم لـەویشـدا نەدەدییەوە

٤
جۆزەردان
٢٧٠٦

# 25

ئایار
May
2006

Thursday

پێنجشەممە

لە خۆم دەگەڕێم ئەورۆ هەموو شتەکم
هەڵپشکنیوە... نازانم خۆم لە کوێ
بەجێ هێشتووە و لە لای کێ؟
لە نێولەپی تۆش گەڕام چ دیار نەبوو.

٥
جۆزەردان
٢٧٠٦

# 26

ئایار
May
2006

Friaday

هەینی

هەموو شتەک نامەم بۆ دەنێرێ و
وەسەر نامەکانی سروشت گەڕاوم چەند ڕۆژ
دەبێ، پێ ڕاناگەم وەڵامی تۆ و با و باران و
درەخت و باڵندەکان وێکڕا بدەمەوە.

٦
**جۆزەردان**
٢٧٠٦

# 27

ئایار
May
2006

Saturday | شەممە

**دوێنێ شـەوێ دەگەڵ بارانێ نووسـتبووم**
**ئەورۆش لـە بۆیە هـەر تەڕم و بەبارانێ و**
**خوسـا بووم لێ هـەر وەکی خوسـانی تۆ**
**نەبوو دەزانی!**

٧
**جۆزەردان**
٢٧٠٦

# 28

ئایار
May
2006

Sunday | یەکشەممە

**لـە تاوانـت دەگەڵ بارانێ کەوتبووم**
**لـە بەیانییـەوە**
**خۆم وەبەر دڵۆپەکانی دەدا دەگەڵ**
**ڕێژنەکانی بەشـەڕ دەهـاتم و زوو زوو**
**قونچرکی لـە پشـتەملم دەدا و هـەر چاوەڕێی تۆش بووم**
**وەڵامـی ئەوم نەدەدایەوە.**

٨
جۆزەردان
٢٧٠٦

# 29

ئایار
May
2006

Monday

دووشەممە

**باران تاوناتاوە دەستەکی دەگەیەنێتە**
**سەر بەلەکم و**
**سەر بەڕانەکانم دەکا و قووڵ بۆنم**
**لێ هەڵدەمژێ ئەوڕۆ ئێوارێ**
**بۆنی من لە گەردەنی دێ و ئەتۆش دیار نی.**

٩
جۆزەردان
٢٧٠٦

# 30

ئایار
May
2006

Tuesday

سێشەممە

**بەر لە ئاوابوونی دێی و**
**وەکی زەنگوڵە ڕام دەوەشێنێ و**
**گوێچکەت پڕ دەکەی لە خرینگە و**
**زرینگانەوە و لەرینەوەم و دەڕۆی.**

١٠
جۆزەردان
٢٧٠٦

# 31

ئایار
May
2006

Wednesday — چوارشەممە

باوەشم بۆ لێک ئاوەڵا کردووی
ڕاکە خێرا خێرا
خۆتم پێ دادە و ئامێزم تێ وەرێنە
تا بەناو ئەورۆش بکەوین ئەڤ ڕۆژەش لە
گەشیمان گەش بێتەوە ئێ.

١١
جۆزەردان
٢٧٠٦

# 1

حوزەیران
June
2006

Thursday — پێنجشەممە

لە خۆم هەڵاتووم ئەورۆ
لێ کە لە دووررا لە خۆ دەڕوانم
پێمەوە دیاری چۆن لە ناومدا پیاسە دەکەی و
جار جارەش دەست وەبەر چەناگەت دەدەی.

١٢
**جۆزەردان**
٢٧٠٦

# 2

حوزەیران
June
2006

Friaday

هەینی

مانگ هاتووەتە ناو هەردوو مەمکم ئەمشۆ
درزی نێوانیانی ڕووناک داهێناوە
لە تۆ قوولتر بۆنیان لێ هەڵدەمژێ و
ئێستێ ئەتۆش چاوت چوونە خەوێ دەزانم...

١٣
**جۆزەردان**
٢٧٠٦

# 3

حوزەیران
June
2006

Saturday

شەممە

خۆت هەڵدە ناوم و تا بنم
ڕامەوەستە بزانم مەلەوانی؟ کە دەمەوێ
شتەک بێژم ڕاست ئەتۆ لە پێش من
دەیڵێی وابزانم زمانمان تێکەڵاو بووە.

١٤
**جۆزەردان**
٢٧٠٦

# 4

حوزەیران
June
2006

Sunday — یەکشەممە

دەست بێنە لەسەر ناوکمی دانێ و داخوا
کوێ کۆتاییمە نەیبزێوی نە بۆ خوارتر نە بۆ
سەرتر ها، دەنا کۆترەکانم هەڵدەفڕن
لەگەڵ تۆمە گوێت لێیە یا توندتر بڵێم.

١٥
**جۆزەردان**
٢٧٠٦

# 5

حوزەیران
June
2006

Monday — دووشەممە

هێندە لێم مەڕوانە با کاڵ نەبمەوە
پاش نیوەڕۆیە هاتبوویە بن تەنووری شینەکەم
خۆت توند توند پێوە نوساندبووم
چاوم لێ بوو لەگەڵ "با" کێبەرکێت دەکرد
لەسەر بن تەنوورەکەم.

١٦
**جۆزەردان**
٢٧٠٦

# 6

حوزەیران
June
2006

Tuesday — سێشەممە

ئێستا سەرت دەتاشی و ورتکە مووەکانت لێ بەر دەبنەوە چەندە جوان بووی لەگەڵ دوو سێ ورتکە مووان خۆم بەگەردەنتەوە نووساندووە. ئەمشۆ لەوێ دەبم سبەینێش هەڵدەوەرمە سەر سینگت باشە.

١٧
**جۆزەردان**
٢٧٠٦

# 7

حوزەیران
June
2006

Wednesday — چوارشەممە

دێمە سەر کۆشت ئەوجار لە بۆم بگێڕەوە دەرێ خۆش بوو ئەوڕۆ؟ چیت دی بەمن بچێ؟ لە کوێ و کوێ لەگەڵت بووم هەناسەیەکم بدەیێ و چایەکەت بخۆوە ئەوجار بڵێ. دەی.

١٨
**جۆزەردان**
٢٧٠٦

# 8

حوزەیران
June
2006

Thursday — پێنجشەممە

**ئەو شەو دەڵێی دەمرم زۆرم پەلەی تۆیە**
**سەبرم بەهیچ نایە لێ ناترسێم دڵنیام**
**مردنیشم وەکو خۆم جوانە و مردنیش جوان**
**دەکەم.**

١٩
**جۆزەردان**
٢٧٠٦

# 9

حوزەیران
June
2006

Friaday — هەینی

**لە شێتیم بەولاوە تووشی تۆ بووم**
**لە ژنیەتم پتر دەتناسیم چۆن دیتتمەوە؟**
**لەودیوی ژنیەتی تێت هەڵەنگوتم و**
**هەر ئاوڕم لە بۆ دەدایەوە نازانم بۆ؟**

٢٠
**جۆزەردان**
٢٧٠٦

# 10

حوزەیران
June
2006

Saturday
شەممە

کەمەری ئەو پیاوە چەندە بەمن دەچێ
هەموو ڕەنگێکی لێ جوانە و هەموو بۆنێکی لێ
دێ. ڕام کێشە بەدوی خۆتدا تا
دونیا لێمان ئاوا دەبێ.

٢١
**جۆزەردان**
٢٧٠٦

# 11

حوزەیران
June
2006

Sunday
یەکشەممە

ئەورۆ دەگەڵ گوارەکانم بەگوێچکەمدا
ڕادەژێی و خۆت بەبناگوێمدا دەدەی و
ڕەنگت پەخش دەبێتە سەر کوڵمەکانم.

٢٢
**جۆزەردان**
٢٧٠٦

# 12

حوزەیران
June
2006

Monday — دووشەممە

هەوا بەرە بەرە تاریک دەبێ دەزانم دیسان
برنج دەخۆی و ئەمن لە نێو گەرووتدا دەلەرێمەوە
پاشان چایە بۆن دووکەڵەکە قوم لێ دەدەی و
لە چاوت دەگەڕێم هەموو ڕۆژێ ها.

٢٣
**جۆزەردان**
٢٧٠٦

# 13

حوزەیران
June
2006

Tuesday — سێشەممە

کە لە خەوێ دەمێنی زۆر دەشڵەژێم دەزانم ئەوڕۆش
تا نیوەڕۆیە بەدەمدا خەوت لێ کەوتووە و
ژیانت لەگەڵ کراسە هەنارییەکەت لە عەردی فڕێ
داوە

٢٤
**جۆزەردان**
٢٧٠٦

# 14

حوزەیران
June
2006

Wednesday    چوارشەممە

**ئەڤ کتێبە کچە چاوڕەشەکەی منە**
**هەموو شەوێ لە باوەشمدا وەردەکەوی تا**
**خەوی لێ دەکەوێت بەیانیانیش تێر بۆنی**
**پرچەکانم دەکا پێش تۆش...**

٢٥
**جۆزەردان**
٢٧٠٦

# 15

حوزەیران
June
2006

Thursday    پێنجشەممە

**چاوم لێیە کچە گچکەلەکەی**
**ناو منداڵدانیشم عاشقت بووە بەبیستنی**
**دەنگت وەکی گوڵ دەکرێتەوە.**

٢٦
**جۆزەردان**
٢٧٠٦

# 16

حوزەیران
June
2006

Friaday

هەینی

دەگەڵ ئەو بازنە ڕەنگاوڕەنگانە لە مەچەکم کردووی
ئەورۆ مەچەکمت چەند جوان کردووە
سەرکودی خۆم سەرە جوانەکەت وەمن دە و
هەقت نەبێ چی لێ دەکەم.

٢٧
**جۆزەردان**
٢٧٠٦

# 17

حوزەیران
June
2006

Saturday

شەممە

سی ساڵیم هێندە لێ جوانە خەریکم
هێندێک لە خۆمی بوەشێنمەوە، ساڵانی ڕابردوو
سەراوبن دەکەم و ئاڵوگۆڕیان پێ دەکەم.

٢٨
**جۆزەردان**
٢٧٠٦

# 18

حوزەیران
June
2006

Sunday — یەکشەممە

**دەگەڵ زەنگی مۆبیلەکەی خۆم لوول دەکەم و**
**دێم، لەگەڵ کردتەوە بەناو گوێچکەدا**
**شۆڕ دەبمەوە و کوێم پێ خۆشە دەچم**
**زۆر جار بەر لەوەی هەڵی گری و وەڵامم دەیەوە دەمەوێ بە**
**هاوار بانگت کەم**

٢٩
**جۆزەردان**
٢٧٠٦

# 19

حوزەیران
June
2006

Monday — دووشەممە

**دونیا ماندووی کردووم چەند**
**پاڵی دەدەم تا بڕوا لەپڕ کە دەبینم**
**هاتووەتەوە پشتم ئەو من پاڵ پێوە دەنێ و**
**خلۆرم دەکاتەوە بەناو خوێدا.**

٣٠
**جۆزەردان**
٢٧٠٦

# 20

حوزەیران
June
2006

Tuesday | سێشەممە

دڵت تەمەنی چل ساڵە و چل ژنی شەنگی تێدان و تێدا
دانیشتوون، لێ شتاقیان وەکی من هەموو دڵتیان
وەبەر خۆ هەڵنەبڕیوە و شتاقیان نەیانتوانیوە
بەدەوری خۆدا وەسوڕێ خەن.

٣١
**جۆزەردان**
٢٧٠٦

# 21

حوزەیران
June
2006

Wednesday | چوارشەممە

سواری دونیا بووم وەکی جۆلانەیەک
نازانم ئەتۆی پاڵم دەدەی یا عەشقە؟ لێ دەزانم
هەردووکتان پێکەوە پێم فێر بوون و چۆنتان بوێ
وام پاڵ دەدەن و بەهەوامدا دەدەن.

١
**پووشپەڕ**
٢٧٠٦

# 22

حوزەیران
June
2006

Thursday پێنجشەممە

**هەمـوو شــتــەکت وێکڕا وروووژاندوم چاوم وروووژاوە**
**هـزرم وروووژاوە**
**دڵم وروووژاوە، ڕۆحم وروووژاوە زمانم وروووژاوە و**
**حەزم لە دەنگی کۆخینەکەتە بەو بەیانییەی**
**لە هەر کوێ بکۆخی دەست بەپشتدا دەدەم، ئێ؟**

٢
**پووشپەڕ**
٢٧٠٦

# 23

حوزەیران
June
2006

Friaday هەینی

**ماچەکان کە سروە دەبیستن بۆ تۆ**
**یان دەنێرم لە خۆشیان ئاگایان**
**لە خۆ نامێنێ نازانن چۆن و چەندە**
**بەپەلە چاوم و لێو و دڵم بەجێ دێڵن و**
**دەرگام لەسەر پێوە نادەنەوە.**

٣
**پووشپەڕ**
٢٧٠٦

# 24

حوزەیران
June
2006

Saturday — شەممە

کە زەنگی تۆی بۆ دێت مۆبایلەکەم لە خۆشیان
ڕوومەتی لە هی من سوورتر هەڵدەگەڕێن و خەندەیەکی
تەنک دەگرێ و ئەو لە من بەپەلەترە
لە بۆ بیستنی دەنگت.

٤
**پووشپەڕ**
٢٧٠٦

# 25

حوزەیران
June
2006

Sunday — یەکشەممە

لە هەر کوێیەکی دێم توند زمانت
ماچ دەکەم سەگبابی زمان خۆش ئەوڕۆ، من
باشم ئەتۆش باش بە و وەرە ئامێزم ها
دەی بەر لەوەی ئامێز لە ڕۆژێ بدەی.

٥
**پووشپەڕ**
٢٧٠٦

# 26

حوزەیران
June
2006

Monday — دووشەممە

**ئیرەیی بەتیشکی ڕۆژیش دەبەم چونکە بەر لە من خۆیت پێدا دەدا و لە خۆیتدا ون دەکا.**

٦
**پووشپەڕ**
٢٧٠٦

# 27

حوزەیران
June
2006

Tuesday — سێشەممە

**لە تۆ شێتتر لە تۆ جوانتر**
**لە تۆ بەرەڵاتر لە تۆ سەرسوڕهێنەرتر**
**لە تۆ نەرمتر لە تۆ بێهوودەتر**
**لە تۆ دڵ ناسکۆڵەتر... لە تۆ ڕۆح پاکتر ئەمنم، ها!**

٧
**پووشپەڕ**
٢٧٠٦

# 28

حوزەیران
June
2006

Wednesday
چوارشەممە

ئەمڕۆ بەدرەختەکانم دەگوت دەزانن لە وەتەی
هاتووە کردوومیە شاژن شاژنی هەموو دونیا
ئەمنم دەبێ هەر شاژنەی خۆشبەختی و خەندە لە من
وەرگرێ نەکو ئێرە ئەورۆ دنیا بەخڕی هی منە.

٨
**پووشپەڕ**
٢٧٠٦

# 29

حوزەیران
June
2006

Thursday
پێنجشەممە

ئەورۆ دەریاشت ڕاسپاردبوو تا
لە پشتەوەڕا باوەشم تێوەرێنی و توند بەخۆیەوەم
بگوشێ ئەورۆ بەگوڵدانێک دەچی پڕ لە ژنی
وەکی گوڵ ژنەکانی ناویشت بۆنیان لێرەڕا دێ.

٩
**پووشپەڕ**
٢٧٠٦

# 30

حوزەیران
June
2006

Friaday

هەینی

دەریا لە تۆڕا حەزی چووەتە ئاڵۆزکردنم
و ئیرەییی بەجوانی تۆ دێت لەسەرم بەهەموو
شەپۆلانییەوە نازانێ وەکی تۆم لێ کا.
دەی ئەو قومە چایەش بۆ من بهێڵەوە ئەوڕۆ.

١٠
**پووشپەڕ**
٢٧٠٦

# 1

تەمموز
July
2006

Saturday

شەممە

چاوە ماندووەکانت پڕ بوون لە من
خۆم دەبینم لەویشدا چەند بێهوودە و شێتم
دەمەک سووریان هەڵدەگەڕێنم و دەمێک تەواو
دەیان کەوێنم و ئەوجار پێڵوەکانت گران دەکەم.

١١
**پووشپەڕ**
٢٧٠٦

# 2

تەمووز
July
2006

Sunday

یەکشەممە

چووم لە بن درەختێک ڕاکشام وەکی بن تۆ خۆش بوو. ورشە ورشی گەڵایەکانی بەنرکە و نەرمە دەنگت دەچوو کە لە بناگوێم هەڵدەسوی.

١٢
**پووشپەڕ**
٢٧٠٦

# 3

تەمووز
July
2006

Monday

دووشەممە

ئەوڕۆش هەتاو بەپەلە خۆی بە ژوورەکەم داکرد. کە گەیشتی بینی دیسان لە پێش وی زەرد زەرد لەسەر لایەکی ڕانم و سیسەمەکەم کەوتووی پێمدا هەڵدەکشێی.

١٣
**پووشپەڕ**
٢٧٠٦

# 4

تەممووز
July
2006

Tuesday | سێشەممە

**شـەپۆلی خۆم لـە شـەپۆلی یەکدی بێزار و وەڕەس**
**نابین هـەتا هـەتایێ دەزانی؟**
**چەند بەخێرایی دەسـتمان لـە هـەموو شـتێک**
**بەردەبێ و هـەتا لـە تامی یەکدی**

١٤
**پووشپەڕ**
٢٧٠٦

# 5

تەممووز
July
2006

Wednesday | چوارشەممە

**دایی ناوم بڵێ بڵندتر دەی**
**یەک یەک پیتەکانی بڵێ و ئەوجار سـەرت**
**بینەوە ناو سـنگم ئەوڕۆش تا جوانتر بم و**
**کەیفم هـەبێ.**

١٥
**پووشپەڕ**
٢٧٠٦

# 6

تەممووز
July
2006

Thursday
پێنجشەممە

تازە ئیدی من ژنێکی نەمرم نەمرتر لە
هەموو شتەک.
هەوڵدان بۆ نەمری گەلەکی ماندوو کردووم و
شەوان پێش ئەوەی چاوم لە بچنە خەوێ چەند
جار بانگت دەکەم.

١٦
**پووشپەڕ**
٢٧٠٦

# 7

تەممووز
July
2006

Friaday
هەینی

تەماشاکە ژیان چۆن حەزی
چووەتە تێکەڵبوونی من و تۆ دەی وەرەوە
بن سوخمە مۆرەکەم و بەبەرچاوی ژیانەوە
و هەموو ئێواران.

١٧
پووشپەڕ
٢٧٠٦

# 8

تەمووز
July
2006

Saturday شەممە

1 چۆن بەمنداڵی لە دوی دایکم دەگریام ئەورۆ
2 بەقوڵپە قوڵپە بەدوتدا گریام و
3 سەرم لە عەردی وەردا
4 ئێوارەکەی بەلەرینەوەی درەختەکان و سپێدەکەی
5 بەدەنگی تەیرەکان دیسان دەستم بەگریە دەکردەوە.
6
7
8

١٨
پووشپەڕ
٢٧٠٦

# 9

تەمووز
July
2006

Sunday یەکشەممە

1 چونکە بۆ خۆم کۆترم هیچ کۆترەک
2 ڕازی نابێ نامەم بۆ بەرێ گرینگ نییە
3 ئەورۆش لە دوورەوە لێوت دەگوشم و
4 ها باوەش...
5
6
7
8

١٩
**پووشپەڕ**
٢٧٠٦

# 10

تەمووز
July
2006

Monday دووشەممە

چەند لێم دوور بی دێمە سەر سەرت
دادەنیشم و... پاشان توند چاوەکانت دەگوشم.

٢٠
**پووشپەڕ**
٢٧٠٦

# 11

تەمووز
July
2006

Tuesday سێشەممە

ڕۆژێ کەمێک لەندەن بەتۆ دەچوێنم
تا سەبووریم پێی بێ دەزانی؟ دڵنیا بووم
لەوەی سەد هێندەی دیکەش لێم دوور بی
تازە ڕۆژی سەد جار دڵم گەرمم دادێنێ.

٢١
**پووشپەڕ**
٢٧٠٦

# 12

تەمووز
July
2006

Wednesday

چوارشەممە

**ماچێکت لە مەمکی ڕاستم دەکرد و ماچێک لە**
**مەمکی چەپم تا وەخەبەرت هێنام**
**ئەوڕۆش و پاشان کەسک کەسک**
**لە گەردنم ئاڵاندی و چوومە دەرێ.**

٢٢
**پووشپەڕ**
٢٧٠٦

# 13

تەمووز
July
2006

Thursday

پێنجشەممە

**هە کە ژیانم داکەند ڕاست وەبن خۆت**
**دامەوە و بەنێو چاوەکانم وەربوویەوە.**

٢٣
پووشپەڕ
٢٧٠٦

# 14

تەمموز
July
2006

Friaday هەینی

خەوم لێ ناکەوێ چەند جارە هەڵدەستم دادەنیشم
سەرم لە نێو دەستەکانم دەگرم لەپڕ پاڵ دەدەمەوە...
دەچمە بەر پەنجەرەی پیاسە دەکەم لە بزێوییان
پەرداخە ئاوەکەی پشت سەرم وەردەگێڕم هەر
خەوم نایەتەوە لە تاوانت...

٢٤
پووشپەڕ
٢٧٠٦

# 15

تەمموز
July
2006

Saturday شەممە

لە هەر چی هەمە دەست هەڵدەگرم دەمەوێ
هەر چۆنێک بێت ژیان تێک کەمەوە
لێ تاقەتم پێ ناشکێ.

٢٥
**پووشپەڕ**
٢٧٠٦

# 16

تەمووز
July
2006

Sunday — یەکشەممە

**پشتەملت ماچ دەکەم چەند ماچی**
**گەرم ئیدی دڵنیا دەبم کە نامرم**
**پاش منیش نەهێڵێ کەسی دی پشتەملت**
**ماچ کا هەتا دونیاش ها.**

٢٦
**پووشپەڕ**
٢٧٠٦

# 17

تەمووز
July
2006

Monday — دووشەممە

**لێرەڕا بەدوا چەند لێت دوور بم**
**خەمم نییە دەزانم کۆتری بەر پەنجەرەکەت**
**پێش تاوکەوتنی ئێواران وەک من بۆت دەگمێنێ**
**و بەیانیان وەک من بەپەلەیە تا هەڵت ستێنێ لە**
**خەوێ...**

٢٧
**پووشپەڕ**
٢٧٠٦

# 18

تەممووز
July
2006

Tuesday

سێشەممە

سەرت بەسکت دەکەم و چاوەکانم لە
سەریەک دادەنێم و ئیدی لە مەرگ
ناترسم وەرەوە ناو هەنگاوەکانم شەو
تازە فێنک بووە.

٢٨
**پووشپەڕ**
٢٧٠٦

# 19

تەممووز
July
2006

Wednesday

چوارشەممە

هەست دەکەم چ شتەک بەرگەم
ناگریٚ بۆ دەگەڵ تۆ بوون و بەهیچ
تامەزرۆییم لێت تەواو نابیٚ هەتا بە
ژیانیش، ئێوارەکەی بۆنت لە فرانکفۆرت
دەهات و لەسەر دەستەکانت چاوم
دەگێڕان.

٢٩
**پووشپەڕ**
٢٧٠٦

# 20

تەمووز
July
2006

Thursday

پێنجشەممە

کە گەیشتمەوە هەولێرێ ڕاست هەستم
کرد هاتمەوە کۆشت و چێشتەنگاوەکانی
وەکی دڵت گەرم بوون گیانێ کازیوەشی
دەتگوت چاوی تۆن سوور بوونەوە.

٣٠
**پووشپەڕ**
٢٧٠٦

# 21

تەمووز
July
2006

Friaday

هەینی

لە بن قەڵاتی کتێبەکەت هەر چاوی
بەمن کەوت خۆی لە باوەشم
هاویشت دەزانم ڕات سپاردبوو
نیوەڕۆیانیش خۆی دەخزێنێتە بن
سینگم و چاومان دەچنە خەوی پێکڤەوە.

٣١
**پووشپەڕ**
٢٧٠٦

# 22

تەمووز
July
2006

Saturday | شەممە

ڕۆژێ دوو سێ جار دوشەکە ئاوی هەولێریم بەسەردا
دەپرژێنێ و لە ژێری دەنووسم... هەر
ڕۆبەکەم لە خۆم وەردەپێچم وەبیرم دێیەوە و
لەگەڵت پێ دەکەنمەوە.

١
**خەرمانان**
٢٧٠٦

# 23

تەمووز
July
2006

Sunday | یەکشەممە

ژیان چەندە بەتۆ دەچێ تاو نا تاوە
لێی دەتۆرێم و سەرم لە نێو ئەژنۆیان دەگرم
تاو نا تاوەش هێندەم پێ خۆشە حەزم
لێیە قەت بەجێی نەهێڵم.

٢
**خەرمانان**
٢٧٠٦

# 24

تەمموز
July
2006

Monday دووشەممە

دەمەوئێوارە بەخشکەیی خۆی بەناومدا دەکاتەوە
ئەو ئێوارانەم بەبیر دەهێننەوە کە بەتەنوورە
شینەکە و پێڵاوە سوورەکانمەوە دەهاتمە سەر
پشتت و هەڵبەز و دابەزم دەکرد.

٣
**خەرمانان**
٢٧٠٦

# 25

تەمموز
July
2006

Tuesday سێشەممە

ژیان سەرەخولێی پێ گرتوومە
دەبێ هەموو ڕۆژێ هەر لەبەری کەم بیخۆم
داینێم و بیشۆم.
لە گەرماییی هەولێریش هەموو شتێک لە دەوروبەرم
گەرم داهاتووە.

٤
**خەرمانان**
٢٧٠٦

# 26

تەمووز
July
2006

Wednesday
چوارشەممە

1 لەگەڵ ڕۆژەکان شەڕ دەکەم لەسەر تۆ، زۆر
2 دەترسم وەبەرم نەکەوێ
3
4
5
6
7
8

٥
**خەرمانان**
٢٧٠٦

# 27

تەمووز
July
2006

Thursday
پێنجشەممە

1 ئەوڕۆ بۆنی گوڵەزەردانت لێ دێ
2 وەکی باقەیەک گوڵەزەردکە لە باوەشت دەگرم
3
4
5
6
7
8

٦
**خەرمانان**
٢٧٠٦

# 28

تەممووز
July
2006

Friaday

هەینی

هەتاو بەسەر ڕانەکانمدا پەرش دەبێت
ئەتۆش بەناو دڵمدا و
جارێکی دی دونیا بەتۆوە بۆن
دەکەم.

٧
**خەرمانان**
٢٧٠٦

# 29

تەممووز
July
2006

Saturday

شەممە

لەسەر پشتت ڕا دونیا دیارە
و بانگم دەکا لێ سەر پشتی تۆ
بەدونیا ناگۆڕمەوە.

٨
خەرمانان
٢٧٠٦

# 30

تەمووز
July
2006

Sunday
یەکشەممە

وەرە مشتێک ئاو بەدەموچاوانمدا
هەڵپڕژێنە و
ئاویش بەناو من کە.

٩
خەرمانان
٢٧٠٦

# 31

تەمووز
July
2006

Monday
دووشەممە

سەرم بخورێنە ئەورۆ
دێمە سەر زگت و ژیان لە خۆم
دادەماڵم.

١٠
**خەرمانان**
٢٧٠٦

# 1

ئاب
August
2006

Tuesday — سێشەممە

گەردەنت بۆنی چیایەکانی لێ دێت
وا وەرە تا گچکەترین درز لە
نێوانمان نەمێنێ.
ئەورۆ نازانم ناوم چییە و، چ
ڕەنگە کراسێکم لەبەرە.

١١
**خەرمانان**
٢٧٠٦

# 2

ئاب
August
2006

Wednesday — چوارشەممە

دەمەوئێوارە بوو دیسان لە بنت
وەکی باخی هەناران وەلاژانەوە کەوتم و
بۆن هەنارم بەگۆڕێ وەربۆوە.

١٢
**خەرمانان**
٢٧٠٦

# 3

ئاب
August
2006

Thursday | پێنجشەممە

1 ئەوڕۆش گێژەڵووکانە بەناو ژیان کەوتەوە
2 لێ هەر ژنێکی تەنیام.

١٣
**خەرمانان**
٢٧٠٦

# 4

ئاب
August
2006

Friaday | هەینی

1 پیاوێک جار جار دێتە ناو
2 گۆنایەکانم و دونیام لە بیر دەباتەوە
3 جار جارەش وەکو ڕۆژنامەیەکی کۆن
4 تێکم وەردەپێچێ و لە پاش خۆی بەجێم دەهێڵێ.

١٤
**خەرمانان**
٢٧٠٦

# 5

ئاب
August
2006

Saturday شەممە

1 ئەورۆ بەیانی حەزم لە بۆنی نانی گەرمە
2 بۆنی نانی گەرم دروست بەبۆنی تۆ
3 دەچێ.
4
5
6
7
8

١٥
**خەرمانان**
٢٧٠٦

# 6

ئاب
August
2006

Sunday یەکشەممە

1 شیعرێکم هەیە ناوی " چاندنە" ، زۆرم
2 خۆش دەوێ. ئەورۆ وەکو گوڵێک
3 لە پەرچەممی دەدەم و بەغار ڕادەکەم.
4
5
6
7
8

١٦
**خەرمانان**
٢٧٠٦

# 7

ئاب
August
2006

Monday — دووشەممە

لەخۆڕا پشتم لە دنیا کردووە نازانم بۆ
هەرچەند دەست بەسەرمدا دێنێ
لێ هەر بێ کەیفم.

١٧
**خەرمانان**
٢٧٠٦

# 8

ئاب
August
2006

Tuesday — سێشەممە

لە داڵغەیەکی خەست کەوتووم و
لەسەرخۆ بەبا دەبم.

١٨
خەرمانان
٢٧٠٦

9

ئاب
August
2006

Wednesday

چوارشەممە

هەست دەکەم ڕۆژەکان بەناومدا تێدەپەڕن و
وەکو بێژینگ کون کونم دەکەن
لێ بۆنی تۆ گەورەترین سەبووریمە.

١٩
خەرمانان
٢٧٠٦

10

ئاب
August
2006

Thursday

پێنجشەممە

ڕۆژهەڵات و چەند تاڵێکم لە
پرچەکانم هەڵقرتاندن دەزانم
ئەتۆ چیاڤانی لێ ئەستەمە بەمندا هەڵگەڕێی.

٢٠
خەرمانان
٢٧٠٦

# 11

ئاب
August
2006

Friaday | هەینی

بۆنت لە تەنیاییم دێت
ئەورۆشم وەکو پەردەی پەنجەرەکەم لادا و
تێت ڕامام

٢١
خەرمانان
٢٧٠٦

# 12

ئاب
August
2006

Saturday | شەممە

سەرم بخورێنە و بەدونیا بڵێ
بەجێمان بێڵێ و کەراسە گوڵزەردەکەم
بەسەر خۆت دادەوە دەی.

٢٢
**خەرمانان**
٢٧٠٦

# 13

ئاب
August
2006

Sunday

یەکشەممە

لەسەر پشتی چیایەک ڕاکشاوم و
چاوی هەڵنایەن لە خەوان، منیش
خەریکە خەو دەمباتەوە.

٢٣
**خەرمانان**
٢٧٠٦

# 14

ئاب
August
2006

Monday

دووشەممە

داوێنی کراسەکەم هەڵدەکەم و
وەبیرم دێیەوە شەقاو بەناو دڵۆپەکانی
بارانێ و تۆدا هەڵدەنێم نەرم نەرم.

٢٤
**خەرمانان**
٢٧٠٦

# 15

ئاب
August
2006

Tuesday — سێشەممە

پاش ئەوەی خۆم دەشۆم پیاوێک وەکی
ژێرکراسە پەمەیییەکەم بەلەشمەوە دەنووسێ و
بۆنی تەڕیم هەڵدەمژێ.

٢٥
**خەرمانان**
٢٧٠٦

# 16

ئاب
August
2006

Wednesday — چوارشەممە

ژیان لە پشتەوەڕا هەردووک
چاوم دەگرێ و لە خۆشیان خێرا
ئاوڕ دەدەمەوە وە دەزانم ئەتۆی
هاتوویەوە.

٢٦
**خەرمانان**
٢٧٠٦

# 17

ئاب
August
2006

Thursday پێنجشەممە

1 وەکو بێژینگم لێ هاتووە و ساڵەکانم
2 پێوە ڕاناوەستن
3 تەمەن چەند دڵم دەگوشێ.
4
5
6
7
8

٢٧
**خەرمانان**
٢٧٠٦

# 18

ئاب
August
2006

Friaday هەینی

1 گوێچکەم بخورێنە و لەگەڵ " با"
2 ڕامانژێنە تا خەو دەمانباتەوە.
3
4
5
6
7
8

٢٨
**خەرمانان**
٢٧٠٦

# 19

ئاب
August
2006

Saturday

شەممە

هەرکە دەنگم دەلەرێتەوە خێرا
بانگم دەکەی و پڕ دەبم لە دەنگت و
لە درەختەکان ڕادەمێنم.

٢٩
**خەرمانان**
٢٧٠٦

# 20

ئاب
August
2006

Sunday

یەکشەممە

گۆی زەویم لە نێوان هەردووک
دەستمدا ڕاگرت ئەو دەمەی چاوم بە
چاوانت کەوت لە حەپەساوی و لە خۆشحاڵییان
بۆنی گەڵایانم لێ دەهات.

٣٠
**خەرمانان**
٢٧٠٦

# 21

ئاب
August
2006

Monday — دووشەممە

1 لەندەن لە پشتەوەڕا توند ئامێزم
2 تێ وەردێنێ هەموو ڕۆژێ
3 ئەتۆش لە پێشەوەڕا.
4
5
6
7
8

٣١
**خەرمانان**
٢٧٠٦

# 22

ئاب
August
2006

Tuesday — سێشەممە

1 بۆنت لە هەردوو مەمکم دێت
2 ماچکردنی پەنجەکانت بەماچکردنی
3 گەردەنی کۆتران دەچێ.
4
5
6
7
8

١
**گەلاوێژ**
٢٧٠٦

# 23

ئاب
August
2006

Wednesday — چوارشەممە

دەگەڵە خۆم هەموو چۆلەکە و کۆتری
ئەو گەڕەکەم دەهێنانە ژوورەکەت و
هەنگاوەکانم بەو کۆڵانە درێژ و پڕ درەختەوە
پێش هەنگاوەکانی دونیا دەکەوتنەوە

٢
**گەلاوێژ**
٢٧٠٦

# 24

ئاب
August
2006

Thursday — پێنجشەممە

خۆشەویستی لە هەموو تەمەنێکدا
ئامبازم بووە و وەبن خۆی داوم
لێ خۆشەویستی تۆ خەریکە تەواو پشتم
لە عەرزی دەدا.

٣
گەلاوێژ
٢٧٠٦

# 25

ئاب
August
2006

Friaday

هەینی

دەستت دەگرم و دەیهێنمە ناو باخەڵی
پاڵتۆیەکەم، ئەوجار پیاسە دەکەین و قسانت
بۆ دەکەم. ناو دەستت دونیایەکی
خۆشتر و گەرمتر و جوداترە.

٤
گەلاوێژ
٢٧٠٦

# 26

ئاب
August
2006

Saturday

شەممە

چەندەی دی لێت دوور بم نازانم بۆ
هەست بەهیچ مەودایەک ناکەم و
لە من وایە لە تەنیشتم دانیشتووی و لەگەڵم
پێ دەکەنی.

٥
گەلاوێژ
٢٧٠٦

# 27

ئاب
August
2006

Sunday یەکشەممە

زۆر جاران حەز دەکەم هەر بۆ چرکەیەکیش
لێت خافڵ ببم و لە بیرم بچیەوە دەزانی
دەمی وا هەیە خۆم لە بیر دەکەم لێ ئەتۆ نا.

٦
گەلاوێژ
٢٧٠٦

# 28

ئاب
August
2006

Monday دووشەممە

دەی گیانە بێزار مەبە ئەمنیش وەکو تۆ
کوردستان بۆ چرکەیەکیش ناهێڵێ ئاسوودە بم
لەگەڵ ئەوەی دڵنیام زۆر کەسی دیکە ئەو
هیوایەیان بردە بن گڵێ بەڵام ئەمنیش چم
پێ ناکرێ.

٧
گەلاوێژ
٢٧٠٦

29

ئاب
August
2006

Tuesday سێشەممە

گیانە "با" شت فێر کردووە ڕۆژێ دە جار تەنورەکەم هەڵداتەوە و کڵاوەکەم لە سەر بفڕێنی.

٨
گەلاوێژ
٢٧٠٦

30

ئاب
August
2006

Wednesday چوارشەممە

بۆ ئەوەی خۆمت لێ بشارمەوە خۆم دەخزێنمە بن بەتانی لێ دەبینم لەوێ گەرمتر پێم وەردەبی.

٩
گەلاوێژ
٢٧٠٦

# 31

ئاب
August
2006

Thursday　　پێنجشەممە

سەد جار پێت دەڵێم گیانە توورەم دەکەی
قەیناکا بەڵام گوێچکەم مەگەزە دەنا
ئەو جارەی ئاشت نابمەوە ها.

١٠
گەلاوێژ
٢٧٠٦

# 1

ئەیلوول
September
2006

Friaday　　هەینی

دەزانم مەودای نێوانمان دوو سەعات و نیو
دەبێ. لێ زۆر جاران سێ سەعات لەسەر
یەک پێکەوە قسان دەکەین و
لێک وەڕەس نابین.

١١
**گەلاوێژ**
٢٧٠٦

# 2

ئەیلوول
September
2006

Saturday شەممە

هەندێک تێکستت بۆ دەنووسم هێندە بەدڵ و
گەرم، دەبینم لە ڕێیە یەکێک دەیانگرێ و
ناگەنە تۆ دوایەش پێم دەڵێی نامەکانت
ڕەدوو دەکەون.

١٢
**گەلاوێژ**
٢٧٠٦

# 3

ئەیلوول
September
2006

Sunday یەکشەممە

ئەورۆ بەدڵ دەنووسم ئەو دەمانەی
بەدڵ دەکەومە نووسین ئاگام لە خۆ و
لە هیچی دنیایە نامێنێ.

١٣
گەلاوێژ
٢٧٠٦

# 4

ئەیلوول
September
2006

Monday

دووشەممە

1 تا پارووێک نان لە ناو دەممدا دەجووم
2 دە جار پتر دێیە ناو دەموچاوم و لە
3 دەیان لارا زەینم دەبەی.
4
5
6
7
8

١٤
گەلاوێژ
٢٧٠٦

# 5

ئەیلوول
September
2006

Tuesday

سێشەممە

1 دەمەوێ ژنێک بم بێ سنوور
2 لێ ناتوانم
3 بۆیە ئەو شەرەشم بۆ تۆ هەڵگرتووە.
4
5
6
7
8

١٥
گەلاوێژ
٢٧٠٦

# 6

ئەیلوول
September
2006

Wednesday چوارشەممە

هەر خۆم دەنووسمەوە ئەوە چەند
ساڵە. لە بیرم چووەتەوە لێ بەگومانم لەوەی
کەس هەبێ لە دنیادا من بخوێنێتەوە.

١٦
گەلاوێژ
٢٧٠٦

# 7

ئەیلوول
September
2006

Thursday پێنجشەممە

ئەورۆ نیگارم فرێ داوە لە خۆم
بەتەنیا شیعرم شیعرێکی گەردەن
کەسک بەناو وشکە گەڵایاندا
پیاسە دەکەم.

١٧
گەلاوێژ
٢٧٠٦

# 8

ئەیلوول
September
2006

Friaday
هەینی

وەکی ئەوەی شیعرێک بنووسم ئەتۆم
خۆش ویست شیعرەکەم بڵاو دەکەمەوە
لێ ئەتۆ نا.

١٨
گەلاوێژ
٢٧٠٦

# 9

ئەیلوول
September
2006

Saturday
شەممە

لە ڕێگایەم کزەیەکی سارد هەڵدەکا دەزانم
دەیەوێ ئەتۆ لەسەر ڕووم بفڕێنێ.
بۆیە بەکڵاوەکەم ڕوومەتم دادەپۆشمەوە.

١٩
گەلاوێژ
٢٧٠٦

# 10

ئەیلوول
September
2006

Sunday
یەکشەممە

ئێستا ئەتۆ نوستووی، دەزانم منیش
بێ ماڵ و بێ خاک لەو شەقامانە
دەخولێمەوە و وەکو زبڵ با دەمهێنێ و
دەمبا.

٢٠
گەلاوێژ
٢٧٠٦

# 11

ئەیلوول
September
2006

Monday
دووشەممە

لە پلیکانەیەک وەسەر دەکەومە سەرێ کە
کۆترێک دێتە خوازبێنیم و لە خۆشییان و
چاکەت و بوتڵە ئاوەکەم لەسەر
دیوارێک لێ بەجێ دەمێنێ.

٢١
گەلاوێژ
٢٧٠٦

# 12

ئەیلوول
September
2006

Tuesday
سێشەممە

1 کە دەزانم لێم توورەی ڕەنگم وەکو ڕەنگی
2 ئەو خۆرەی پایزێ زەرد دەچێ و چ
3 نامێنێ سەری پێ نەکەم و لە بۆت نەگریم.
4
5
6
7
8

٢٢
گەلاوێژ
٢٧٠٦

# 13

ئەیلوول
September
2006

Wednesday
چوارشەممە

1 لە دوکانێک لادەدەم تا
2 گەنمەشامی بکڕم هەر کیسە گەنمەشامییەکە
3 هەڵدەگرم و زەنگێکی تۆ دێت بەخۆ و بە
4 گەنمەشامی هەڵدەڕژێنە ئەو گۆڕەی لە خۆشییان.
5
6
7
8

٢٣
گەلاوێژ
٢٧٠٦

# 14

ئەیلوول
September
2006

Thursday — پێنجشەممە

سەردەستەی کراسەکەت بۆن دەکەم و
لە بیرم دەچێتەوە کە من ژنێکی بەسەرچووم.

٢٤
گەلاوێژ
٢٧٠٦

# 15

ئەیلوول
September
2006

Friaday — هەینی

باوەشم لێک ئاوەڵا دەکەم و هەرتک
دەستەکانم هەڵدێنم تا ئەگەر گەیشتی
لە باوەشمدا ناوی خۆت لە بیر بچێتەوە.

٢٥
گەلاوێژ
٢٧٠٦

# 16

ئەیلوول
September
2006

Saturday — شەممە

هەرگیز پێم گرینگ نییە دەمرین لێ هەمیشە پێم گرینگە دەژین. لە هەوڵم ئەوانەی خۆشم دەوێن بەناو خۆمیان دەکەم.

٢٦
گەلاوێژ
٢٧٠٦

# 17

ئەیلوول
September
2006

Sunday — یەکشەممە

لە وەتەی باران خوازبێنیی کردووم، دڵت لێ پیس کردووە و حەز ناکەی هێندە بچمە بەربارانێ و تەڕم کا.

٢٧
گەلاوێژ
٢٧٠٦

# 18

ئەیلوول
September
2006

Monday | دووشەممە

زەنگی مۆبێلەکەم دەنگی تۆم لەسەر داناوە
ئەو کاتەی بانگم دەکەی لە بۆیە هەر
کەسێک لە هەر کوێیەکی دونیایەڕا زەنگم بۆ
لێ دات، ئەتۆ بانگم دەکەی.

٢٨
گەلاوێژ
٢٧٠٦

# 19

ئەیلوول
September
2006

Tuesday | سێشەممە

هەرکە پرچم دادەهێنم کەیفم دەچتێ بێمەوە
ئامێزت و سەر بەگەردەنت کەم.

٢٩
گەلاوێژ
٢٧٠٦

# 20

ئەیلوول
September
2006

Wednesday

چوارشەممە

شاڵە ڕەشەکەم لە شانەکانم وەردەپێچمەوە و
دڵنیا دەبم کە ئیدی بوومە نیشتیمانی
پیاوێکی لە بیر نەچوو.

٣٠
گەلاوێژ
٢٧٠٦

# 21

ئەیلوول
September
2006

Thursday

پێنجشەممە

ئەوڕۆ بڕیار دەدەم دڵم بکەمە خێر هەر
کەسی تووشی ببم و لەسەر ڕێیەم بۆ دەیدەمێ.

٣١
**گەلاوێژ**
٢٧٠٦

# 22

ئەیلوول
September
2006

Friaday

هەینی

هەموو سەرە سەعاتێک نامەیەکم بۆ
دەنێریٚ لە بۆیە منیش ئەگەر پێش ڕانەگەم
هەر نیو سەعاتێک جارێک بەدڵ نامەیەکت
لە بۆ ڕەوانە دەکەم.

١
**ڕەزبەر**
٢٧٠٦

# 23

ئەیلوول
September
2006

Saturday

شەممە

ئەو شەقام و درەختانەی خۆشم دەوێن
لە خۆشەویستیی تۆڕا هەمووم بەناو تۆ کردوون و
بەناوی تۆ ناویان دەهێنم.

٢
ڕەزبەر
٢٧٠٦

# 24

ئەیلوول
September
2006

Sunday — یەکشەممە

ژێرکراسە مۆرەکەم دادەماڵم و ژیان
لەبەر دەکەم ئەوجار خۆم بۆ دەنگت
وەردەخەم.

٣
ڕەزبەر
٢٧٠٦

# 25

ئەیلوول
September
2006

Monday — دووشەممە

نازانم بۆ قەت ئەو پیاوە و گوڵەکان
لێک ناکەمەوە و لێم تێک دەچن و لە بری
یەک لە بناگوێی خۆمیان دەدەم.

٤
**ڕەزبەر**
٢٧٠٦

# 26

ئەیلوول
September
2006

Tuesday — سێشەممە

پاش ئەوەی چەند جار ئەو کراسە هەنارییەم
دەشۆم بۆنی تۆی هەر لێ نابڕێ.

٥
**ڕەزبەر**
٢٧٠٦

# 27

ئەیلوول
September
2006

Wednesday — چوارشەممە

وەکو ڕستە کلیلەکان بەکەمەرتەوە دێم و
دەچم و زرنگە و خرینگەم لەوسەریرا
لێت دێ.

٦
**ڕەزبەر**
٢٧٠٦

# 28

ئەیلوول
September
2006

Thursday پێنجشەممە

**وەکو پشیلە دێمە سەر شانەکانت و گوێچکەکانت**
**دەخورێنم تا خەو دەمانباتەوە**

٧
**ڕەزبەر**
٢٧٠٦

# 29

ئەیلوول
September
2006

Friaday هەینی

**ئەی گیانە ئەوڕۆ ماچێکت بۆ ناردبووم**
**بۆن کاڵەکی لێ دەهات هەردەم بەبۆنی**
**کاڵەک ماچەکانی تۆم وەبیر دێنەوە.**

٨
**ڕەزبەر**
٢٧٠٦

# 30

ئەیلوول
September
2006

Saturday
شەممە

1 جار نییە کە دەتبینم ناوی خۆم لە بیر نەچتەوە
2 نازانم بۆ شەپۆلی چاوەکانت
3 هەموو زەینم ڕادەدات.
4
5
6
7
8

٩
**ڕەزبەر**
٢٧٠٦

# 1

تشرینی یەکەم
October
2006

Sunday
یەکشەممە

1 ئەورۆ لە بن تۆڕا لە ژیان
2 دەڕوانم ئەی ژیان لە بن
3 تۆڕا چەند گەرم و جوانە سەگباب
4
5
6
7
8

١٠
**ڕەزبەر**
٢٧٠٦

# 2

تشرینی یەکەم
October
2006

Monday — دووشەممە

**لە شەقامی "کنزنگتن" وەسەر دەکەوم بۆنت دێتە بەر**
**کەپووم، بەدوی بۆنتدا سەر لە هەموو قاوەخانە و**
**بارێک ڕۆ دەکەم ڕۆژ بەتەواوی**
**هەڵدەکشێ ئەورۆش ناتبینمەوە.**

١١
**ڕەزبەر**
٢٧٠٦

# 3

تشرینی یەکەم
October
2006

Tuesday — سێشەممە

**بەرامبەر وێنەکەت چۆک دادەم**
**وەڵڵا نازانم چەوا عاشقت بووم.**

١٢
**ڕەزبەر**
٢٧٠٦

# 4

تشرینی یەکەم
October
2006

Wednesday

چوارشەممە

**وەکو سەعات دەخولێمەوە بەسەر ژیانمدا**
**ئەورۆ بەتەنیا بۆیە دەچمە دەرێ تا**
**هەرچی تووشی بووم ماچی بکەم.**

١٣
**ڕەزبەر**
٢٧٠٦

# 5

تشرینی یەکەم
October
2006

Thursday

پێنجشەممە

**لە بۆ ئەوەی هەرچی هەتە و نیتە**
**بەمن بچێ دە ئەو جارەش کەراسەکەم**
**هەڵدەوە.**

١٤
**ڕەزبەر**
٢٧٠٦

# 6

تشرینی یەکەم
October
2006

Friaday

هەینی

**دێمە سەر سەرت وەکی ئەوەی بچمە سەر چیایەک ئەوجار خۆم بانگ دەکەم.**

١٥
**ڕەزبەر**
٢٧٠٦

# 7

تشرینی یەکەم
October
2006

Saturday

شەممە

**شاڵێکی مۆر دەکرم چونکە بەکورێکی خوراسانی دەچێت هەر لە دوکانەکەی لە گەردەنی دەبەستم و پڕ دەبم لە ساهی.**

١٦
**ڕەزبەر**
٢٧٠٦

8

تشرینی یەکەم
October
2006

Sunday

یەکشەممە

1 تاقەتم نییە هیچی خۆم بژمێرم و حیساب بکەم
2 نە پارەم نە ماڵم نە نامەکانم هەر
3 ئەوەندەی دەزانم ئەتۆ یەکی و لە
4 یەکیش پتر نازانم.
5
6
7
8

١٧
**ڕەزبەر**
٢٧٠٦

9

تشرینی یەکەم
October
2006

Monday

دووشەممە

1 لەگەڵ " با" شەڕمانە داخوا
2 کێهەمان بەرەڵاترین و کێهەمان
3 لە کێهەمان دەربەدەرترین.
4
5
6
7
8

١٨
**ڕەزبەر**
٢٧٠٦

# 10

تشرینی یەکەم
October
2006

Tuesday سێشەممە

1 گیانە دەزانی ژیان چەند ڕەنگاوڕەنگە
2 چەند دابڕان و چەندیش جەنگە؟
3
4
5
6
7
8

١٩
**ڕەزبەر**
٢٧٠٦

# 11

تشرینی یەکەم
October
2006

Wednesday چوارشەممە

1 بۆ ئەوەی لە هیچ ڕانەمێنم هەرچی هەمە و
2 نیمە بەشی دەکەم هەتا خۆشم بەش دەکەم
3 دەزانی بەشکردن گەورەترین نیعمەتە!
4
5
6
7
8

٢٠
**ڕەزبەر**
٢٧٠٦

# 12

تشرینی یەکەم
October
2006

Thursday — پێنجشەممە

دەنگی هەموو شەمەندەفەر و پاس و ئۆتۆمبێل و ماتۆڕ و ئەمبلانسەکانی ئەو شارە بەدەنگت دەچوێنم بۆیە خەریکە ئەو شارەشم خۆش دەوێ.

٢١
**ڕەزبەر**
٢٧٠٦

# 13

تشرینی یەکەم
October
2006

Friaday — هەینی

ئەگەر هەر کەسێکت خۆش بووێ، ئەو شارەشت خۆش دەوێ کە خەڵکی وێیە بۆیە دەزانی چەند شارم خۆش دەوێن.

٢٢
**ڕەزبەر**
٢٧٠٦

# 14

تشرینی یەکەم
October
2006

Saturday — شەممە

گیانە هەموو شتەکانم هەڵخەڵەتاندوون
بێ ئەوەی دەست بەژمارەتدا بێنم هەر دەست
بدەمە مۆبیلەکەم ژمارەی تۆ لێ دەدا هەر مەیل
بۆکسەکەم بکەمەوە
بەپەلە ئیمەیلێک بۆ تۆ دەڕوا.

٢٣
**ڕەزبەر**
٢٧٠٦

# 15

تشرینی یەکەم
October
2006

Sunday — یەکشەممە

دەستەیەک قەڵەمم هەیە بۆ نووسین و
دەستەیەکیش پیاو بۆ عەشق.

٢٤
**ڕەزبەر**
٢٧٠٦

# 16

تشرینی یەکەم
October
2006

Monday — دووشەممە

**هەموو ڕۆژێ دەزانم دڵت چەند جار**
**لێ دەدا و چەند جار دەپژمی و چەند**
**جغارە دەکێشی و چۆن جغارەکەت**
**دادەگیرسێنی، ئەگەر نەشتبینم.**

٢٥
**ڕەزبەر**
٢٧٠٦

# 17

تشرینی یەکەم
October
2006

Tuesday — سێشەممە

**هەموو شتێک و هەموو کەس پێم دەڵێن**
**وادەمان بدەیە، ئاخر ئەمن ناتوانم**
**وادە بدەمە هیچ کەس چونکە وادەکانم وەکو**
**کەیفم هەمیشە لە جێگۆڕکێ دان.**

٢٦
**ڕەزبەر**
٢٧٠٦

# 18

تشرینی یەکەم
October
2006

Wednesday — چوارشەممە

چایەکی نەعنام کڕیوە پێش ئەوەی لێو بۆ
کوپەکە بەرم وەکو عارەقە لە لەشم دێیە دەر و
گەرمم دادێنێ ئەوڕۆش.

٢٧
**ڕەزبەر**
٢٧٠٦

# 19

تشرینی یەکەم
October
2006

Thursday — پێنجشەممە

نازانم لە وەتەی هەم بەبن چەند درەخت و
چەند گڵۆپ و چەند پرددا ڕابردووم
لێ لە بیرمە بەسەر چەند خۆشەویستاندا
گوزەراوم.

٢٨
**ڕەزبەر**
٢٧٠٦

# 20

تشرینی یەکەم
October
2006

Friaday

هەینی

**هەموو شتێک یەکەم جاری خۆشە و سەرسوڕهێنەرە لە دنیادا هەر هەوەڵ جار وەرە با هەموو هەوەڵ جارەکان تام کەین.**

٢٩
**ڕەزبەر**
٢٧٠٦

# 21

تشرینی یەکەم
October
2006

Saturday

شەممە

**ڕێبوارێک بەتەنیشتمدا ڕادەبێ دروست بۆن عارەقەی بەبۆن عارەقەی تۆ دەچێ بەغار بەدوویدا دەگەڕێمەوە داخوا ئەتۆ نی هاتوویەوە.**

٣٠
رەزبەر
٢٧٠٦

# 22

تشرینی یەکەم
October
2006

Sunday

یەکشەممە

هێندە لە خۆ وەڕەس بووم ئەورۆ لە بۆیە بڕیار دەدەم لە هەموو ترافیک لایتەکانی ژیان بدەم و لە هیچ گڵۆپێکی سوور ڕانەوەستم.

١
گەلاڕێزان
٢٧٠٦

# 23

تشرینی یەکەم
October
2006

Monday

دووشەممە

لە خەوێ هەڵدەستم و پڕ دەبم لە دەنگ لە دەنگی ڕدێن تاشینەکەت لە دەنگی فلچە لێ خشاندنی ددانەکانت و لە دەنگی دەرگای پۆستەکەم.

٢
**گەلاڕێزان**
٢٧٠٦

# 24

تشرینی یەکەم
October
2006

Tuesday

سێشەممە

**ڕۆژێ دەبێ واژۆ لەسەر هەموو پەڕە و هەموو**
**سەنەدێک بکەم کە دەگەڕێنەوە سەر من**
**تەنیا بۆم نییە واژۆ لەسەر تۆ بکەم لە دنیا**

٣
**گەلاڕێزان**
٢٧٠٦

# 25

تشرینی یەکەم
October
2006

Wednesday

چوارشەممە

**هەرچەند مارە کراوی کافێی** "*Star Bucks*"**م**
**لێ ئەورۆ ڕێم دەگۆڕم و دەچمە کافێی**
**نیرۆ** "*Nero*" **بۆ قاوە خواردنەوەی.**

٤
گەلاڕێزان
٢٧٠٦

# 26

تشرینی یەکەم
October
2006

Thursday — پێنجشەممە

دەگەڵ پیاوان هەموو شت زەحمەتە ئەوان
وەکو چەپکە گوڵ وان هەر بۆ دوو سێ ڕۆژان و
ڕەنگیان جوانە و بۆنیان خۆشە پاشان
بێ کەڵک دەبن. دەبێ بەسەر خۆتدا هەڵیان هاوێی و
فڕێیان دەی.

٥
گەلاڕێزان
٢٧٠٦

# 27

تشرینی یەکەم
October
2006

Friaday — هەینی

دەزانی بۆ هەموو شتێک کرێ دەدەم
بۆ تۆ نەبێ لە بۆیە هەر لە تۆدا
کرێچی نیم.

٦
گەڵاڕێزان
٢٧٠٦

# 28

تشرینی یەکەم
October
2006

Saturday
شەممە

مرۆڤ بێ خۆشەویستی بەسەگێکی خۆڕاییی
دەچێت لە بۆیە دەبێ هەموو دەمێ
دوو سێ خۆشەویستی یەدەگی هەبن.

٧
گەڵاڕێزان
٢٧٠٦

# 29

تشرینی یەکەم
October
2006

Sunday
یەکشەممە

تێکست مەسیجەکانم زۆر بەرەڵان هەر بەنیو چرکە
دەگەنە ڕۆمانیا و خۆ بەستۆکهۆڵمدا دەکەن و
سەرێک لە ئەمستردام وەژووری دەنێن و بەرەو
ئەستەنبوڵ
دەفڕن هەر بەنیو چرکەش دەگەڕێنەوە.

٨
گەڵاڕێزان
٢٧٠٦

# 30

تشرینی یەکەم
October
2006

Monday

دووشەممە

هاتوومە سەر تاقەی پەنجەرەکەی و پاڵم
داوەتەوە، بەرەبەرە ڕۆژ و مانگەکانی تەمەنم
کۆ دەکەمەوە و دابەشیان دەکەم و هەست
دەکەم چەناگەت ماچ دەکەم.

٩
گەڵاڕێزان
٢٧٠٦

# 31

تشرینی یەکەم
October
2006

Tuesday

سێشەممە

دیسان خەو زڕا سەعات سێ و نیوی نیوەشەوێیە
هێشتا نەنووستوم، مۆبیلەکەم هەڵدەکەمەوە
لەسەرڕا تێکستەکانت دەخوێنمەوە جارێک دوو
سێ و
نەرم نەرم پێ دەکەنم.

١٠
گەڵاڕێزان
٢٧٠٦

# 1

تشرینی دووەم
November
2006

Wednesday

چوارشەممە

ئەورۆ فیکە دەکێشم بۆ هەرچی هەمە لە
دونیایە بۆ تۆش یەک فیکە دوو فیکە
فیکەیەکی دوورودرێژ و دەبمە ژنێکی فیکەکێش.

١١
گەڵاڕێزان
٢٧٠٦

# 2

تشرینی دووەم
November
2006

Thursday

پێنجشەممە

بێ گوێدانە هیچ دیسان هەرچی پێکمەوە ناوە و
خڕم کردووەتەوە و هەمووی ورد دەکەمەوە
ئەتۆش ورد دەکەمەوە تا شمەکی
وردەی پێ و دەست بێنم وە پەیدا بکەمەوە.

١٢
گەڵاڕێزان
٢٧٠٦

# 3

تشرینی دووەم
November
2006

Friaday

هەینی

کڵۆیەک قەند دەخەمە ناو دەم و لەپڕ زەینم
دەفڕێنیە ناو خۆت کە وەهۆش دێمەوە دەبینم
دووەم چام بەدەستەوەیە و بەتاڵی دەیخۆمەوە.

١٣
گەڵاڕێزان
٢٧٠٦

# 4

تشرینی دووەم
November
2006

Saturday

شەممە

کاتژمێرێکم لە مل کردووە وەکو ئەوەی ئەتۆم
لە مل کردبێ تا خۆی بەسینگم دادەدا
هەست دەکەم دەمژمێری.

١٤
گەلاڕێزان
٢٧٠٦

# 5

تشرینی دووەم
November
2006

Sunday

یەکشەممە

لە شەقامی ڤیکتۆریادا دادەگەڕێمە خوارێ
لێ هەست دەکەم وەکو کۆترێکی باڵشکاو
منیش باڵێکم شکاوە و ژانێکی تیژی هەیە.

١٥
گەلاڕێزان
٢٧٠٦

# 6

تشرینی دووەم
November
2006

Monday

دووشەممە

لە دوێنێ شەوەوە بڕیارم داوە هەموو
شتێک بگۆڕم گیانە دەزانێ دەبێ
لە تۆڕا پێدا بێم.

١٦
گەلاڕێزان
٢٧٠٦

# 7

تشرینی دووەم
November
2006

Tuesday

سێشەممە

پێیەکم لە ناو دنیایە و پێیەکەی تریشم لە ناو
تۆ... نازانم کێهەتان بۆ کێهەتان
دەست لێ هەڵگرم

١٧
گەلاڕێزان
٢٧٠٦

# 8

تشرینی دووەم
November
2006

Wednesday

چوارشەممە

ئەوڕۆ دەچم دامە دەکەم چونکە هیچم
پێ نییە بەبارمتەی دابنێم خۆم دادەنێم
چ بدۆڕێم چ نا.

١٨
گەڵاڕێزان
٢٧٠٦

9

تشرینی دووەم
November
2006

Thursday | پێنجشەممە

**وەکو کتێبێک بەنیوەچڵی بەجێت دەهێڵم و**
**قەیتانێکت بەناوتدا ڕادێرم تا لێم تێک نەچێ**
**گەیشتبوومە کوێت لێ نازانم کەنگێ دەگەڕێمەوە.**

١٩
گەڵاڕێزان
٢٧٠٦

10

تشرینی دووەم
November
2006

Friaday | هەینی

**ڕەنگی ئەو یەک دوو کاکڵە گوێزە**
**ڕەنگی تۆم دێنەوە پێش چاوان بۆیە**
**دەیانخەمەوە سەر قاپەکە و دڵم نایە بیانخۆم**
**پارووە نانەکە بەوشکی دەجووم.**

٢٠
گەڵاڕێزان
٢٧٠٦

# 11

تشرینی دووەم
November
2006

Saturday

شەممە

مرۆ تا هەندێک شت چاک دەکا و ڕێک دەخا
دوو سێیەکی دی لێ تێک دەچن بۆیە
تا هەیە ئەوەی دەیەوێ بەتەواوی ڕێک ناکەوێ.

٢١
گەڵاڕێزان
٢٧٠٦

# 12

تشرینی دووەم
November
2006

Sunday

یەکشەممە

کە ڕادەپەڕم دەبینم تەمەن فڕێی داومەتە
کوێ؟ نە ئەوانەی هەمن ویست و خەونم بوون
نە ئەوەی تێیدام هیوام بوو دڵنیام تەمەن
کار لە کار دەترازێنێ.

٢٢
گەڵاڕێزان
٢٧٠٦

# 13

تشرینی دووەم
November
2006

Monday — دووشەممە

دەبێ ئەوجار لە خۆشەویستی پارێز بکەم و
تخوونی نەکەوم نەوەکا دیسان بیگرمەوە.

٢٣
گەڵاڕێزان
٢٧٠٦

# 14

تشرینی دووەم
November
2006

Tuesday — سێشەممە

پێنج پیتەکەی ناوم لە ناو مۆبیلەکەت نووسراوە لە ناو
مەیل بۆکسەکەت لە ناو دڵت و لە ناو
چاوەکانت و لە ناو کتێبخانەکەتدا
خۆیان وێک ناوە.

٢٤
گەڵاڕێزان
٢٧٠٦

# 15

تشرینی دووەم
November
2006

Wednesday — چوارشەممە

خۆم لە قەبەڵ هەموو شتێک دەکەم دوودڵیشم لەوەی خۆم دەبەمەوە یا خۆم دەدۆڕێنم.

٢٥
گەڵاڕێزان
٢٧٠٦

# 16

تشرینی دووەم
November
2006

Thursday — پێنجشەممە

ئەورۆ ئەو شازدەی نۆڤەمبەرە ڕاسپاردوومێ تا مێردی پێ بکەم، بۆ ئەوەی دڵی نەشکێنم پێی دەڵێم چاکە با بیرێکی لێ بکەمەوە، پێت دەڵێمەوە.

٢٦
گەڵاڕێزان
٢٧٠٦

# 17

تشرینی دووەم
November
2006

Friaday

هەینی

ئەو شارە پڕە لە دەربەدەری وەکو من و
هەریەکە نیشتیمان و خاکێکی جیاوازیان
لە چاواندا دێ و دەچێ و خەندەکانیان
لە نیوەدا دەمەیەن.

٢٧
گەڵاڕێزان
٢٧٠٦

# 18

تشرینی دووەم
November
2006

Saturday

شەممە

مێخکبەندەکەم لە مل دەکەمەوە و پتر
لێم ڕوون دەبێت کە ژنێکی بێ زاراوەم
و هیچ زاراوەیەک نامگرێتەوە ئەوڕۆ.

٢٨
گەڵاڕێزان
٢٧٠٦

# 19

تشرینی دووەم
November
2006

Sunday — یەکشەممە

منداڵێک بەرامبەرم پێ دەکەنێ لە کۆشی دایکیدا دانیشتووە. ناخم لەگەڵی وەپێکەنین دێ و پڕ دەبم لە منداڵ.

٢٩
گەڵاڕێزان
٢٧٠٦

# 20

تشرینی دووەم
November
2006

Monday — دووشەممە

نامەی ئێوارانت تامێکی فێنکی هەیە و نامەی نیوەڕۆیانت تامێکی گەرم و هی نیوەشەویش تامێکی شیرین.

٣٠
**گەڵاڕێزان**
٢٧٠٦

# 21

تشرینی دووەم
November
2006

Tuesday
سێشەممە

**دەزانم ئیستێ ڕدێنت دەتاشی بۆنی**
**سابونەکەی لەوێڕا دێ و ناوی**
**خۆم لە بیر دەباتەوە.**

١
**سەرماوەرز**
٢٧٠٦

# 22

تشرینی دووەم
November
2006

Wednesday
چوارشەممە

**زنجیری چاکەتەکەم هەڵدەکێشم و دەپڕژێیەوە**
**ناو خەیاڵم تا ئێوارێ دەبینم ڕێگەم هەڵە**
**کردووە چەند دوورتر تێپەڕ بووم.**

٢
سەرماوەرز
٢٧٠٦

# 23

تشرینی دووەم
November
2006

Thursday | پێنجشەممە

لە سەرڕێیەت لادەدەم تا کەمێک وەحەسێم لێ
یادەوەری وا ڕام دەگوشێ هەر نازانم بۆ کوێندەرێ
دەچووم.

٣
سەرماوەرز
٢٧٠٦

# 24

تشرینی دووەم
November
2006

Friaday | هەینی

داهاتوومەوە تا قەیتانی پێڵاوەکانم گرێ تێ دەم
لەپڕ ژیان سەراوژێرم دەکا بەرەنگەکانی...
لەبری تۆش.

٤
سەرماوەرز
٢٧٠٦

# 25

تشرینی دووەم
November
2006

Saturday

شەممە

دەگەڵ بیستنی دەنگی هێواشبوونەوەی هەر
شەمەندەفەرێک
و باڵ خستنی هەر فڕۆکەیەک بۆ نیشتنێ و
ئیستۆپی "*Stope*" هەر
ترومبێل و پاسێک وەدەزانم ئەتۆ دەگەیە جێ و
ئاورێکی گەرم دەدەمەوە.

٥
سەرماوەرز
٢٧٠٦

# 26

تشرینی دووەم
November
2006

Sunday

یەکشەممە

تەمەن تەڵەیەکی کوشندەیە زۆر دەترسم
پێوەی بم و بمگرێ. هێندێک جار بەیەک
لە شیشەکانیەوە دەئاڵقێم و تەواو دادەهێزێم.

٦
سەرماوەرز
٢٧.٦

27

تشرینی دووەم
November
2006

Monday

دووشەممە

بەبۆنی تۆ بەرەو پارکێک مل دەنێم لە خۆشییان
شەقاوەکانم دوو هێندەی یەک دەبڕم کە وەنزیک
دەکەوم دەبینم "گوڵەدانی" برژاوە لێم بووەتە بۆنی
تۆ لە بۆیە خێرا دانەیەک دەکرم و لە خوێواوکی
هەڵدەکێشم و بۆنی دەکەم.

٧
سەرماوەرز
٢٧.٦

28

تشرینی دووەم
November
2006

Tuesday

سێشەممە

لە گەرمەی ڕێکردنێدام کە زەنگێکت
ڕام دەشڵەژێنێ بەپەرتاو دەست بۆ گیرفانەکانی
پانتۆڵەکەم دەبەم ناتدۆزمەوە بۆ گیرفانەکانی سەر
سینگم
نا بۆ گیرفانەکانی سەر ڕانم لەوێش دانێ
تا دەست دەگەیەنمە گیرفانی سەر کەفەڵم و
دەتبینمەوە و بەقاقا دەڵێم گیانە نەمدەزانی لە
کوێمدای.

٨
**سەرماوەرز**
٢٧٠٦

# 29

تشرینی دووەم
November
2006

Wednesday | چوارشەممە

لە هەموو شتێک دەستبڵاوم و زیادە مەسرەفی دەکەم بەتەنیا فێر بووم دەست بەتۆوە بگرم و لە تۆدا دەستبڵاوی نەکەم.

٩
**سەرماوەرز**
٢٧٠٦

# 30

تشرینی دووەم
November
2006

Thursday | پێنجشەممە

دوکانێک لەسەر ڕێمە ڕەنگی شیپانەکەی دەرکەکەی ڕەنگی کراسەکەی تۆم وەبیر دێنێتەوە هەتا بگەمە هەمان جێ دەپەڕمەوە و دەستێک دەگەیەنمە شیپانەی دەرگەکەی و کەیفم ساز دەبتەوە.

١٠
**سەرماوەرز**
٢٧٠٦

# 1

کانوونی یەکەم
December
2006

Friaday

هەینی

هەر ڕێبوارێکی بێرەدا ڕێ دەکا هیوایەکی جیاوازی لە چاواندایە، دڵی کۆمەڵێک شتی تێدایە جیاواز لەو شتانەی لە جانتایەکەیدایە بۆیە ڕێڕەوی هەریەکەمان جودایە.

١١
**سەرماوەرز**
٢٧٠٦

# 2

کانوونی یەکەم
December
2006

Saturday

شەممە

هەرچەند کراسێکی ئێخە ئاوەڵام لەبەرە و جانتایەکی سەر ئاوەڵام بەشانم داداوە لێ هەرچەند دەکەم سەری دڵم ئاوەڵا نابێ و پەستێوراوە ئەوڕۆش.

١٢
سەرماوەرز
٢٧٠٦

# 3

کانوونی یەکەم
December
2006

Sunday — یەکشەممە

چەند ڕێبوار دەبینم باوەشێک جلکی
ئوتووکراویان بەباوەشێوەیە
لێ دڵنیام هیچ کەس دڵی بۆ ئوتوو ناکرێ.

١٣
سەرماوەرز
٢٧٠٦

# 4

کانوونی یەکەم
December
2006

Monday — دووشەممە

دڵێکی هێند سەرەڕۆم هەیە و
بەهیچ داناکەوێ زۆر جارانیش لەگەڵی
دەکەومە هەرا کەچی لەسەرخۆ پێم دەڵێ
بەتۆ دەچم وا نییە؟ دڵ دەچتەوە سەر ساحێبی و
پێ دەکەنێ.

١٤
**سەرماوەرز**
٢٧٠٦

# 5

کانوونی یەکەم
December
2006

Tuesday — سێشەممە

ئەورۆ وەکو گێژەڵووکە بەناو
خۆشەویستاندا هەڵدەکەم هەرچی لەگەڵم
ڕۆناون لێیان خراپ دەکەم.

١٥
**سەرماوەرز**
٢٧٠٦

# 6

کانوونی یەکەم
December
2006

Wednesday — چوارشەممە

دیسان هێند بێ کەیفم هەموو شتێک
ڕادەسپێرم بۆ ژیان لێ شتاقیان
وەڵامیان نییە.

١٦
سەرماوەرز
٢٧٠٦

# 7

کانوونی یەکەم
December
2006

Thursday — پێنجشەممە

وەکو جزدان و کلیلە و مۆبێلەکەم
پێش ئەوەی لە ماڵی وەدەر کەوم ئەتۆش
بەسەر دەکەمەوە بزانم لە بیرم نەکردووی و
نەوەکا لە بیرم چی.

١٧
سەرماوەرز
٢٧٠٦

# 8

کانوونی یەکەم
December
2006

Friaday — هەینی

پاڵم داوەتەوە و دەنکەکانی تەسبیحەکەم لە نێو
پەنجەکانمدا دێنم و دەبەم و ناوی تۆش
لەسەر لێوەکانم.

١٨
سەرماوەرز
٢٧٠٦

# 9

کانوونی یەکەم
December
2006

Saturday — شەممە

داهاتوومەوە تا جوان فڵچە لە ددانەکانم بخشێنم و بیانشۆم لەپڕ هەست دەکەم هەویری ددان شووشتنەکەم تامی تۆی گرتووە و لە خۆشییان قاقا پێ دەکەنم.

١٩
سەرماوەرز
٢٧٠٦

# 10

کانوونی یەکەم
December
2006

Sunday — یەکشەممە

هەورێک لەسەر سەرمە زۆرم کەیف لێیە و هەر حەز ناکەم ئاوا بێ چونکە زۆر بە پشتەملی تۆ دەچێ.

٢٠
سەرماوەرز
٢٧٠٦

# 11

کانوونی یەکەم
December
2006

Monday — دووشەممە

**وەکو ماسی خۆم داوێمە قووڵاییی**
**زەینت و هەموو ئەورۆت دەشڵەقێنم**
**لە هەر کوێیەک بیت.**

٢١
سەرماوەرز
٢٧٠٦

# 12

کانوونی یەکەم
December
2006

Tuesday — سێشەممە

**کراسێکی فستەقی لەبەر دەکەم و**
**سەر لە ژیان دەشێوێنم تا هەرچی ڕێ و**
**ناونیشان هەیە لێی هەڵە دەکەم.**

٢٢
سەرماوەرز
٢٧٠٦

# 13

کانوونی یەکەم
December
2006

Wednesday — چوارشەممە

ئەورۆ پیاوێکی بەرشەلۆنەیی وەکو درەخت لە ناو زەینمدا دەلاژێتەوە و شنە شنەیەتی لە بۆیە بەهیچی دونیایێ ڕازی نیم.

٢٣
سەرماوەرز
٢٧٠٦

# 14

کانوونی یەکەم
December
2006

Thursday — پێنجشەممە

کوپێک قاوەی "لاتێ" دەکڕم و سەرەکەی پڕ لە دارچینی دەکەم وەدەزانم پشتە گوێی تۆ بۆن دەکەم.

٢٤
**سەرماوەرز**
٢٧٠٦

# 15

کانوونی یەکەم
December
2006

Friaday

هەینی

**ئەورۆ شێر و خەتت پێ دەکەم هەر دیوێکت**
**دەرچێ پێی ڕازیم و هەست دەکەم**
**لە دونیاشم بردووەتەوە.**

٢٥
**سەرماوەرز**
٢٧٠٦

# 16

کانوونی یەکەم
December
2006

Saturday

شەممە

**ئەورۆ زۆر بەفڕۆکەخانەیەک دەچم**
**هەر ڕێبوارێک بەجێم دەهێڵی و ڕێبوارێک**
**لێم وەژوور دەکەوێ.**

٢٦
**سەرماوەرز**
٢٧٠٦

# 17

کانوونی یەکەم
December
2006

Sunday

یەکشەممە

**هەموو شەوێ پێش ئەوەی بنووم**
**قومێک لە ناوت غەرغەرە پێ دەکەم و**
**ناو دەمم فێنک دادێنێ.**

٢٧
**سەرماوەرز**
٢٧٠٦

# 18

کانوونی یەکەم
December
2006

Monday

دووشەممە

**ئەورۆ دەڵێی ژنێکی بۆ یەکجار مەسرەفم**
**ئێوارەکەی دەبێ فڕێ بدرێم بۆیە**
**هیچ و کەس ماندوو ناکەم.**

٢٨
**سەرماوەرز**
٢٧٠٦

# 19

کانوونی یەکەم
December
2006

Tuesday سێشەممە

ئێستێ کەمێک سمێڵت هاتووەتەوە دەزانم
منیش کراسێکی مۆر بەسەر خۆم هەڵدەکێشم و
هەرچی هەمە بەسەر پێوەی دەکەم.

٢٩
**سەرماوەرز**
٢٧٠٦

# 20

کانوونی یەکەم
December
2006

Wednesday چوارشەممە

کە دەبینم لەسەر ڕێیەم ڕاوەستاوی و
چاوەڕێم دەکەی بێ ئەوەی ژیان
ڕاوەستێ دادەبەزم.

٣٠
سەرماوەرز
٢٧٠٦

21

کانوونی یەکەم
December
2006

Thursday

پێنجشەممە

1 دڵنیام لە ژیاننامەکەمدا ناوی هەموو
2 موڵکەکانت دەنووسرێ و دەخوێنرێتەوە
3 ناوی من نەبێ.
4
5
6
7
8

١
بەفرانبار
٢٧٠٦

22

کانوونی یەکەم
December
2006

Friaday

هەینی

1 وەک ئەوەی بۆ جگەرە داگیرسانێک
2 ڕاوەستم پشت لە " با" دەکەم و
3 سەرنجێکی قووڵت لێ دەدەم ئەوجار
4 وەرێ دەکەومەوە
5
6
7
8

٢
**بەفرانبار**
٢٧٠٦

# 23

کانوونی یەکەم
December
2006

Saturday — شەممە

ئەورۆ هەست دەکەم ژنێکی بەلاشم
چونکە نە نامەیەکت هاتووە نە زەنگێکت.

٣
**بەفرانبار**
٢٧٠٦

# 24

کانوونی یەکەم
December
2006

Sunday — یەکشەممە

هەرچەندە پارێزمە لە خۆشەویستی
لێ ئەورۆ درەختێکی پانامایی
هەڵم لە دڵم هەڵدەستێنێ و سێ جار
بەسەر ڕێیەیدا دەگەڕێمەوە.

٤
**بەفرانبار**
٢٧٠٦

# 25

کانوونی یەکەم
December
2006

Monday — دووشەممە

وەکو کاتژمێر قورمیشت کردووم
هەرکە دەگەمە سەر تۆ زرینگە و زەنگ و لەرەلەرەم
ڕاناوەستێ تا دەستم نەگەیەنیەی.

٥
**بەفرانبار**
٢٧٠٦

# 26

کانوونی یەکەم
December
2006

Tuesday — سێشەممە

ئێستا باران تەواو دەستی لێ هەڵنەگرتووم
بەفرنامە لە دوو نامەی دێ و بەخەتێکی
سپی سپی پیرۆزباییی تەڵاقدانیم لێ دەکا.

٦
**بەفرانبار**
٢٧٠٦

# 27

کانوونی یەکەم
December
2006

Wednesday — چوارشەممە

1 هەر لە خەوێ وەخەبەر دێم دەزانم ئەورۆ
2 ژنێکی زڕاوم بۆیە ڕەفتەیەکی زەیتوونی
3 لە ناوچاوانم دەپێچم و نازانم بەچیییەوە
4 دەئاڵقێمەوە.
5
6
7
8

٧
**بەفرانبار**
٢٧٠٦

# 28

کانوونی یەکەم
December
2006

Thursday — پێنجشەممە

1 پاش نیوەشەوێ باران دەمگەیەنێتەوە
2 ماڵێ و تا ناو جێگەیەکم خۆ بەبن
3 باڵم دەدا.
4
5
6
7
8

٨
**بەفرانبار**
٢٧٠٦

# 29

کانوونی یەکەم
December
2006

Friaday

هەینی

سالّی نویّ خەریکە پاش دوو سیّ ڕۆژی دی هێرش دێنیّ و هێشتا هیچ سەنگەرێکم بەرامبەری ڕۆنەناوە و تاق و تەنیا بەرامبەری ڕاوەستاوم.

٩
**بەفرانبار**
٢٧٠٦

# 30

کانوونی یەکەم
December
2006

Saturday

شەممە

سبەی سالّ نویّ دەبێتەوە و منیش کۆن لە بۆیە سالّی نویّ دەڵێی هەوێمە و قەتم کەیف پێی نایێ.

١٠
**بەفرانبار**
٢٧٠٦

# 31

کانوونی یەکەم
December
2006

Sunday
یەکشەممە

1 ئەو شەو پێش ئەوەی ساڵ ئاوا بێ
2 زمانت وەکو فانووسێک دادەگیرسێنم و
3 هەڵی دەبڕم تا ساڵی نوێم لێ وەدەر کەوێ.
4
5
6
7
8